# باب مردن

کۆمەڵە چیرۆکی بیانی

وەرگێرانی:

**سەلاح نیساری**

PDF4Kurd

* باب مردن
* کۆمەڵە چیرۆکی بیانیی وەرگێڕاو
* وەرگێڕ: سەلاح نیساری
* پیتچن: شاسەنەم (٠٩١٤١٨٠٥٥٩٧)
* وێنەی رووبەرگ:
* ئەژمار:
* چاپ:

**نێوەرۆک**

بۆ بابم و
ئەو بەهارەی هەر نەهات!
بۆ هیوای هەرمانی
بۆ بۆ بۆ ....

## **ماشەرێکی ئالۆسکاو**

بهرام سادقی

*«شتێکی نەبین و نادیار هەیە، وەکوو دەست،*
*قــەت نــاییبینم، بــەڵام هەســتی پــێ دەکــەم لــە*
*ناخەوە.*
*پالم پێوە دەنێ بە ئەم لاو ئەو لادا...»*

دەی دەی! نــەختێکی دیکــە ســەرت بــەرز ڕابگــرە. نێوچــاوانیش تێکمەنێ .

بــزە بخــە ســەر لێــوت چــاویش لــە کامێرەکــە ببــڕە، تــاکوو ســێ دەژمێرم وریابە نەجوڵێی، با وێنەکەت خراپ نەبێ ئامادە! یەک دوو سێ...

دوو شــەو دواتــر بــە پلیکانەکانــدا ســەر کــەوت بــۆ لای وێنــەگر هەتاکوو وێنەکەی وەر بگرێتەوە. ناو نیشانی وێنەکەی بە دەستەوە بوو (قەبز) وەبیری هاتەوە دوو شەو پێشتر وێنەگر لێی پرسیبوو:

ـ کاکە ناوەکەت ؟

ئەویش ناوی خۆی پێ وتبوو.



ـ شەش لە چوار ، ئاسایی؟ یان گەورە؟

ئەویش ولامی دابۆوە:

ـ یەکێکیان... بۆ نموونە.

ـ کەوابوو سبەی شەو ئامادەیە... کات ژمێر هەشت.

هێشتا درگاکەی نەکردبۆوە، روانی کات ژمێر لە هەشت لای داوە. لە بەر خۆیەوە گوتی:

ـ ئێستا دەبێ ئامادە بێ.

شاگردی وێنەگر لە پشت مێزەکە دانیشتبوو قرچە پێ راست بۆوە دوای ئەوەی وڵامی سڵاوەکەی دایەوە لە سەر کورسیەک دانیشت، شاگردەکەی نەناسیەوە سەیری کرد :

ـ لەوە دەچێ بۆ خۆیان لە هەوێڵدا نەبن؟

ـ بۆ چی... بۆ چی... هەر ئێستا لێرەبوو

ـ ئەوەش قەبزەکە...

قەبزەکەی لە گیرفانی دەر هێنا لە سەر مێزەکە دای نا. شاگردی وێنەگر هەڵی گرتوو خوێندییەوە، بە ڕێزەوە سەرێکی بۆ لەقاند:

ـ بەرێز گیان، هی ئەم شەوە... بەڵام دەبێ تۆزێک سەبرت هەبێ هەتاکوو خۆیان دێنەوە.

دەیویســت بڵــێ: (کــار و زینــدەگیم هەیــە) تــەنیا گــوتی: (کــار و زیندەگی) ...

لەسەر کورسییەکە تەخت دانیشت.شاگردەکە تێگەیشت کە ئەو کار و بــاری ژیــانی وێــل کــردووە، هــاتووە بــۆ ئــەوەی وێنەکــەی وەر بگرێتــەوە. بــەڵام ئێســتا وێنەگرەکــە چۆتــە دەرێ، پەرێشــانە چــی لــە دەست دێت؟

وای بە باش زانی خۆی بە شتێکەوە سەرقاڵ بکا، دەستی کرد بە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی ئەلبۆمێک... دیسان پرسی:

ـ نایات؟

ـ چۆن نایات؟ هەر ئێستا...

ئیتر چاوی بەو وێنانەدا گێڕا کە بە یەخەی دیوارەکەدا کرابوون...

چارەگە سەعاتێک رابرد، وێنەگر هاتەوە. هەر لە بەر درگاوە سەری قسەی دامەزراند:

بەخێر بێی، گەورەم.

ئەمجار رووی کردە شاگردەکەی:

ـ لەمێژە تەشریفیان هێناوە.

دیسان لەگەڵ کابرا: هەر ئێستا بەڕێتان دەکەم.

ئەویش لە سەر کورسییەکە هەستا، چووە بەر دەم مێزەکە، هەر دوو دەستی خستە سەر لێوارەکەی، وێنەگر لە ژووری تایبەتی وێنەکانی هێنا:

ـ ئەوە هەوە؟ بەڵێ خۆیەتی.

ئەو، دەستی درێژ کرد وێنەکانی وەرگرت نەختێک سەیری کردن لە پاشان:

ـ ئەوانە هەو نین بە هەڵە دا چوویی.

ـ چۆن، چیت فەرمووی؟...

ـ سەهووت کردووە. من سمێڵم نییە. ئەو وێنانە سمێڵیان هەیە...

ئەو جاریش خۆ من کڵاو لە سەر ناکەم.

وێنەگر بە رق هەستاوی وێنەکانی لە دەست سەندەوە تێیان ڕا ما دواتر سەیری ئەوی کرد:

ـ زۆر سەیرە...بەڵام زۆریش لە تۆ دەچێ.



ـ لە من دەچێ؟ بە ڕاستی نەقڵێکی خۆشە... وەڵڵا من تەواو گێژ بووم.

وێنەگر سەری لێ سوور مابوو، تۆزێک پێشتر شاگردەکەی چووبووە دەرێ (هەر بۆ ئەوەی نەی دەزانی چی بکا وای بە چاک زانیبوو لە پێش چاوی ون بێ) خۆیی کرد بە کارگەکەدا چنگێک وێنەی هێناو لە سەر مێزەکە بڵاوی کردەوە لە گەڵ ئەوەی دەستی لە وێنەکان وەر دەدا لە ژێر لێوەوە گۆتی:

ـ ئەوانە هەو نیین.

وێنەی کیژێک بوو.

ـ ئەمەش هەو نییە.

ئەکسی ژنێک بوو.

ـ ئەوەیان چی.

وێنەی منداڵێک بوو.

ـ ئەوە؟

تەماشای ئەوی کرد و ئەمجار وێنەکە:

ـ ئەوەیان زۆر لە تۆ دەچێ. بێ کڵاوە... بەڵام سمێڵی هەیە.

ئەویش بە وردی سەرنجی دا:

ـ بابزانم... کڵاوی لە سەر دا نییە...

درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ بەڵام «ئەوەیان زۆر لە تۆ دەچێ» یانی چی؟ ئەمن چۆن بزانم ئەوە وێنەی منە؟ خۆ من دمو چاوی خۆم نابینم، لە بیرم نییە چۆنە. مەگەر ئێوە بەرنامەیەکتان نییە بۆ کاری خۆتان تاکوو ئاوا وێنەکان تێکەڵ نەبن؟ ژمارەیان لە سەر نادەن؟

ـ یانی چی... ژمارەشیان لە پشت دەدەین بەر نامەو ڕێکوو پێکیشمان هەیە بەڵام، هاوار لە دەست مرۆڤی نەزان، شاگردەکە تێکەلاوی کردوون. بە کەیفی خۆیی لێکی داون.

ئەوەتانێ وێنەی ئەو سێ کەسە ژمارەی وێنەی تۆیان پێوەیە... بە ئاخری پیری کارمان کرد، شاگردمان هێنا! هەر دەڵێی لە بن گوێنی هاتۆتە دەرێ... هێلکەو ڕۆنی بۆ لێبنێی گوێی تێدەنێ...

ـ ئاخری وڵامی ئێمە بوو بە چی؟ هەتا کەی دەبێ لێرە ببم بە داهۆڵ! کاکی وێنەگر؟

وێنەگر دیسان بە وردی سەرنجی وێنەکانی دا.

ـ ئەمەش خۆ هەو نییە.

وێنەی، کۆشکێکی مێژوویی بوو.

ـ ئەوەتانێ ـ خۆیەتی.

وێنەکەی لە دەست ڕفاند:

ـ کەی ئەوە هەوە؟ هیچ کوێی لە من ناچێ. کەی من کۆتی ئاوا لە بەر دەکەم؟

وێنەگر دانیشت بە بێ وازی وڵامی دایەوە:

ـ ئیتر من کارێکم لە دەست نایەت ڕەنگبێ دوو ڕۆژ پێشتر ئەو بەرگوو لیباسەت لە بەر دا بووبێ، ئەمڕۆ گۆڕیبێتت.

ـ شتی وا نابێ.

ـ دیسان وێنەگر هەستا سەر پێ شانی هەڵتەکاند.

ـ تەواو بوو ئیتر وێنەیەک نەماوە لێرە لەو گشتە عەکسە یەکیان هەر دەبێ هی تۆ بێت...

ئەو لە داخوو حەیفاندا ددانی لە چیڕەوە دەبرد. دوای چەن چرکە ئارام بۆوە، گوتی:



ـ ئەوانە وێنەی من نین. شەش دانە وێنەی ٤×٦ لە گەڵ وێنەیەکی گەورەتر، بمدەیە با، سەرو دڵتان بەر بدەم. لە خۆڕا پوول و پارەت وەرگرتووە...

وێنە گر سێ پاکەت وێنەی لە بەر دەستی دا نا .

ـ بۆ تۆ گەورەم پێشکەشت بێ. تووڕە بوونی ناوێ وەڵڵا و بیللا من سەری لێ دەر ناهێنم. ئەو سێ دەستە وێنەیە تەواو لە تۆ دەچێ وێنەی خۆتن یکیان بە سمێڵ و کڵاوەوە، یەکیان سمێڵی هەیەو بێ کڵاوە ئەوەشیان نەسمێڵی هەیە و نە کڵاو. حەزت لە هەر کامێکیانە هەڵی بگرە بۆ خۆت...

ـ حەزم؟ جا بۆ ئەمە حەزحەزۆکێنە؟ پیاوی باش! کاکی وێنەگر، یان تێکەڵت کردووە، یان ئێمە بە گەوج دەزانی مەگەر تۆ کار و کاسبی ناکەی قەت مشتەریت نەبووە، ناتەوێ ژیانی خۆت بەڕێوە بەری؟ لە

کوێی دنیا دا وا باو بووە کاتێک کەسێک دەچێ وێنەکەی وەر بگرێتەوە سێ جۆری وێنە دەنێنە بەر دەستی. پێی پێدەکەنن پێی دەڵێن ئەو سێ دەستە وێنەیە وێنەی ئەتۆن کامیانت دەوێ بۆ خۆت. پێرێ کە، وێنەکەت لێ هەڵ گرتم خۆ کوێر نەبووی! نەسمێڵم هەبوو نە کڵاوم لە سەر دابوو نە کۆتەکەشم ئاوا بوو وێنەگر لە حەژمەتان، لێوی خۆی دەکرۆژێ بەڵام هێشتا حەولی دەدا هێدی و لە سەرە خۆ بێ بە ئارامی وڵامی دایەوە:

ـ ئەوانەی دەی فەرموی هەمووی حیسابیە بێ زیاد و کەم بەلای منەوە جێگای ڕێزە تەواوی خەتای ئەو شاگردە گەمژەی منە ئەو هەمووی لێک داون، ژمارەکانی تێکەڵ کردوون، خۆ ئەگەر ئاوا نەبا بە بێ ئەوەی مەحتەلتان بکەم بەڕێم دەکردن ئەو هەموو چەلەحانێو

سەر هێشانەشی نەدەویست بەڵام من سەرم لەوە سوورِ ماوە چۆن ئەو سێ دەستە وێنەیە لە تۆ دەچن هەر هەموویان تەواو عەینەهوو تۆ ئیتر ئێستا نازانم وێنەی تۆن یان وێنەی کەسێکی دیکە تێناگەم وێنە ئەسڵییەکەی ئێوە چی لێهاتووە... چی بەسەر هات...

زۆر بەلامەوە سەیرە، قەڵافەت و رووالەتی خۆتان ناناسنەوە؟

ـ جا بۆ ئێوە دیناسنەوە هەتاکوو من بیناسم؟

ـ چۆن نەی ناسم؟ هەر ئێستا وێنەیەکی خۆم بدەرێ با وێنەی کۆنیش بێ خێرا پێتان دەڵێم وێنەی منە یان وێنەی کەسێکیتر، سەرم لێ سوورِ ماوە...

ـ سەرت لێ سوورِ ماوە؟ جا بۆ پێویستە خەڵکی جەهان هەموویان وێنەی خۆیان بناسنەوە ؟

ئێستا تۆ وێنەگری، کار و پیشەت ئەوەیە. چ قەلێک هێلکەی خۆیی دەناسێتەوە؟

سەیر کەن چۆن کڵاو دەنێنە سەر خەڵکی... سێ چوار رۆژێک مەحتەلیان دەکەن لە کار و کاسپی دەبن، لە ئاخریشدا ئاوا وڵامیان دەدەنەوە...

چیوای نەمابوو لە داخوو حەیفاندا وێنەگر دەست نەکا بە گریان ئاوێنەیەکی لە گیرفان دەر هێنا دایە دەستی:

ـ ها، ئیتر خۆ لەوە ئاسانتر نابێ! بڕوانە لە وێنەکان دەچی یان نا؟

ئەویش ئاوێنەکەی رووبەرووی خۆی را گرت تێی راما. دواتر هەر بەم شێوەیەی ئاوێنەکەی بە دەستەوە بوو لە سەر کۆرسییەکە دا نیشت لە ژێر لێوەوە بە نیگەرانیەوە بۆلە بۆلی بوو. لە پڕ ئاوێنەکەی داوە دەست وێنەگر سەرو چاوی خستە نێو هەر دوو لەپی دەستیەوە، وێنەگر بە هێمنی لێی پرسی:



ـ دیتت؟

ئەو هەستا سەر پێ دیسان بۆ لای مێزەکە رۆیشت وێنەکانی هەڵگرتوو تەماشای کردن دایەوە دەست وێنەگر، وێنەگر گۆتی:

ـ ئەگەر پەلەت نەبێ خاوەنی وێنەکان دێنە ئێرە خەراپ نییە ئەوانەی لە تۆ دەچن بیان بینی، بییان ناسی.

ئەو بۆ لای درگاکە رۆیشت:

ـ دەست بڕو چاو بەستانە قەت ئەوانە وێنەی من نین مەعلوم نییە وێنەی ئەسڵی من چی بە سەر هاتووە لەوە ناچێ عەکسی منت گرتبێ. داوەشێن بۆ وێنەگرتنتان.

کاتێک ئەو چووە دەرێ وێنەگر وەک ماران گەستەئەم سەرو ئەو سەری ژوورەکەی دەکرد.

ـ وەڵڵاهی سەیرە، خەریکە مێشکم دەتەقێ. ئاخر چۆن خۆیی نەناسییەوە؟ ئەو، وێنانە بۆ چی هەموویان لەو دەچوون؟ دەڵێی لەو پەنجەرەوە خۆم بەردەمەوە.

شاگردەکەی وەژوور کەوت.

ـ ئەو کابرایە وێنەکانی وەر گرت؟ چاوم لێبوو چووە وێنەگریەکەی ئەو بەری.

* سەرچاوە: کتاب سنگر وقمقمەهای خالی، انتشارات کتاب زمان، تاریخ چاپ ١٣٥٦/١٣٥٤

## وت و وێژ لەگەڵ چارازبوکفسکی

(خوێنەری کتێبەکانم زیندانیەکانن.)

چالز بوکفسکی نووسەری مەزنی ئەمریکی. ئەو وتوویێژە کە دەخوێننەوە لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لەگەڵی کراوە.

***- پێشتر چیتان دەخوێندەوە، نووسراوەی کێتان زیاتر بە دڵە؟***

+ من ئیتر هیچ ناخوێنمەوە. هیچم بە دەستەوە نەماوە. دەتوانم بڵێم کاتی خۆی زۆر شتم دەخوێندەوە. زیاتر ئەو کەسانەی کاریان کردۆتە سەر ئەمن، داستایۆفسکی، نیچە، شوپنهاوێر، هامسۆن، سلین، جفرز، همینگوێی، شرود ئەندرسۆن، گورکی، تورگینیف، فانتە و نووسراوەکانی بەرایی سارویان. نووسەرانی دیکەش هەن ئێستا لە بیرم نییە.

***- چ شتێک بووە هۆی ئەوەیکە ئێوە ببن بە نووسەر؟***

+ ئەگەر ئەوەم زانیبا، رەنگبێ ئیتر نەمدەتوانی بنووسم.

***- ئێوە زوو دەستتان دایە نووسین، بەڵام لە دوای چل بەولاوە بوون بە نووسەر. لەمەڕ ئەو تازە نووسەرانەوە وا لە دەیەی بیستەوە ژیانیان شۆرەت پەیدا دەکا چ بیرێکتان هەیە؟ ئاخۆ هیچت لەوان خوێندۆتەوە؟***

+ بڕوا ناکەم هیچم لە نووسەرانی تازەکار خوێندبێتەوە. باوەڕیشم وایە زۆربەی زۆری ئەوان باش دەنووسن یان هەر نەبێ



بڕێکیان بۆ ماوەیەکی کورت چاک دەنووسن. بەڵام زۆرم لەوان پێشک نایە لە دواییدا باش بمێننەوە. چ لە کۆنەکان و چ لە تازەکان.

***- زۆربەی نووسراوەکانت ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی خۆتە. ئاخۆ ئەوە هەبوونی خۆت زەق ناکاتەوە. پێتان وایە ژیانی ئێوە بە لای خەڵکەوە گرنگە؟***

+ من لە مەڕ خۆمەوە رووڕاستر لە هەر کەسێکی دیکە کەوا دەیناسم دەتوانم بنووسم. ئەو سەرچاوەیەی من هەمە لەوپەڕی زۆریدایە. من ساڵگارێک، رۆژگارێک و شەوگارێکم بە خەستی و شڵەژاوی بە سەربردووە... بڕێک لەوانە مێرانە و تۆزێکی بە گاڵتە و ئەوی دیکەشی جیاواز بووە. زۆرکەس پێمدەڵێن: وەختێک ئەو جەهەندەمەی تۆ بۆت خولقاندووین، دەیخوێنیتەوە، درێژەپێدانی بۆ ئێمە زۆر هاسانە.

***- ئایا دەزانن خوێنەرانی ئێوە کێن؟ جارێک وتبووت زۆربەی خوێنەرانی رۆمانەکانت بەندێیەکانن...***

+ بەڵێ، بەندییەکان بۆیان نووسیبووم کتێبەکانی منیان زۆر بە دڵە کەسێک لەوان بۆی نووسیبووم«کتێبەکانی تۆ تەنیا نووسراوەیەکە دەست بە دەست و سللوول بە سللوول دەگەڕێ» ئەوەش بۆ من گەورەترین شانازییە ئیتر چیم داوە بەسەر توێژەران رەخنەگری زانستگاکان. جارێک رێم کەوتە شێتخانەیەک، کارم بە کەسێک بوو لەوێ یەکێک لە بەند کراوەکان منی ناسییەوە و پرسی:«تۆ چالز بوکفسکی نیت؟» ئەو کتێبەکانی منی خوێندبۆوە زۆریش دوور نییە هەر بەو هۆیەوە رەوانەی شێتخانە کرابێ.

***- ئێوە هاوکات لەگەڵ مۆسیقای کلاسیک شتێک دەنووسن بۆچی مۆسیقای جاز و راک نا؟***

+ ئەو پرژ و بڵاوییەی من لە مووسیقای کلاسیکدا دەیناسم لە نێو جاز و راکدا پێمشک نایە شتگەلێک چەند سەدەیە لە نێو دڵی مووسیقای کلاسیکدا هەیە و خوار و ژوور دەکا، نە وەکوو جاز، نە وەک راک ئەوە زیاتر هات وهاوارە بە جێگای ئەوەی بە ناخدا بچێتە خوارێ راواڵەتێکی فریودەرە.

***ــ ئێوە لە شوێنێکدا نووسیوتانە ئەسپەکان و کەرەستەی نووسینەکانتان رێگا چارەیەکە بۆ هەڵاتن لە دەست راستەقینە، بۆچی راستەقینە ئەوەندە ترسێنەرە؟ ئێوە لە چ شتێک دەترسن بۆچی ئەوەندە هەراسانن بۆ ئەوەندە دوورەپەرێزن؟***

+ راستەقینە بۆ هەریەک لە ئێمە بە راستی دەتوانێ ترسێنەری بێ. زۆرینەی ژیانەکان خۆی لە خۆیدا ژیانێکی بێدەلیلە کە مانای، مەکانەکان و یان سازمانەکان دەیدەن و وەریدەگرنەوە. ژیانگەلی تاکەکەسی و سروشتیگەلێک کەمە. من مرۆڤێکی تەنیام، من لە ناو خەڵکدا دوورەپەرێزم چونکە دڵپێبەستن بە تەواوی ئەوانە کەم و بچووکە، ئەوانە بە کەمەوە بۆ من جێی سەرنجن. بە پێچەوانەوە گیانداران (حیوانات) بوونەوەرێکی راست و دروستن، رەوت و روانینیان جوانە. مرۆکان زۆر کەم لەو بەستێنەدا وەبەر چاو دێن و هەڵسوکەوت دەکەن.

بەهمەن کیارۆستەمی کردوویەتی بە فارسی/ مانگنامەی هەمشەهری، ساڵی ١٣٨٠



## باب مردن

چالز بوکفسکی

دایکم ساڵێک زووتر لە پێش بابمدا مرد حەوتوویەک لە دوای ئەوەی بابم مرد من بە تەنیا لە ماڵەکەیدا بووم. ماڵی لە ئارکاردیا بوو منیش کە نزیکترین کەسی ئەو بووم چەند رۆژێک لە پاش مردنی، لەسەر رێگای سانتائانیتا کەوتمە بیری ئەوە، واچاکە سەرێکی لێهەڵێنم بەرنامەی کفنکردن و ناشتنی تەواو ببوو هەربۆیە کەسێک لە هاوساکان نەیدەناسیم. خۆم گەیاندە مدبەخەکە، لە شێرەی ئاوەکە شەربەیەکم پڕ کرد و خواردمەوە، دوایش هاتمە دەرێ ئیتر نەمدەزانی چ بکەم. شێرەیەکی ئاو لە حەسارەکەدا بوو، کردمەوە و دەستم کرد بە ئاودانی باخچەکە.

هەر ئەو جۆرەی لەوێ راوەستابووم لادرانی پەردەکان سەرنجیان راکێشام لە پاشان جیرانەکان یەکە یەکە لە ماڵەکانیان دێنە دەرێ ژنێک لە شەقامەکە پەڕیەوە و هاتە حەسارێ ژنە پرسی:«ئێوە دەبێ هێنری بن؟» وەڵامم دایەوە:بەڵێ من هێنریم.

چەند ساڵێک دەبوو ئێمە بابی تۆمان دەناسی.

ئەوجار مێردەکەی وەژوور کەوت و گوتی:«دایکیشتمان هەر دەناسی» منیش داهاتمەوە و شێرەی ئاوەکەم گرتەوە و گوتم:«ئەگەر پێتان خۆشە با بچینە ژوورێ»

ئەوانیش خۆیان پێناساندم؛ تام نیلی میلر، دوایە چووینە ژوورەوە«زۆر شێوەی باوکت دەدەی!»

«بەڵێ، زۆر جار ئەو قسەیە دەژنەوم.»

بەرەورووی یەک دانیشتین و چاومان لە یەکدی بڕی. ژنەکە وتی: خۆشەویست بوو، وانییە؟»

- «بەڵێ هەروا بوو»

«تابلۆی ئەو ئاشی "با"یە لەو دەمەو رۆژئاوایەدا، چەندە سەرنجڕاکێشە.

- «ئەگەر پێتان جوانە ببەن بۆ خۆتان»

-«بە راستتانە؟»

زەنگی دەرگای حەسارێ دەنگی هات. دوو جیرانی دیکە بوون. گیسبونەکان. ئەوانیش وتیان ساڵانێکە جیرانی بابم بوون. لە پاشان خانمی گیسبۆن وتی:«ئێوە زۆر لە بابتان دەچن!»

- هێنڕی تابلۆی ئەو ئاشەی داوە بە ئێمە.»

-«زۆر جوانە، منیش ئاشقی تابلۆی ئەو ئەسپە ئاماڵ شینەم.

- خانمی گیسبۆن، دەتوانن ببەن بۆ خۆتان»

-«بە راستتانە؟»

- «ئەرێ، بە راستی بە راستی»

دیسان زەنگەکە هاواری لێهەستا، ژن و مێردێکی دیکە وەژوور کەوتن. ئیتر درگام دانەخستەوە، دوایەش پیاوێک سەری کێشایە ژوورێ:



«من ناوم داگهۆد سۆنە. خێزانم چووە بۆ سەلمانی خانە»

-«ئاغای هۆدسون وەرە ژوورەوە»

زۆرکەسی دیکەش تازە خەریک بوون دەهاتن. ئەوانەی وا زۆریان ژن و مێرد بوون ئەوان ملیان نا لە پشکنینی ژوورەکان

-«دەتانەوێ ئێرە بفرۆشن؟»

-«لەوە دەچێ بیفرۆشم»

-«ئێرە گەڕەکێکی باشە.»

-«بەڵێ هەر وایە»

-«ئاي... چوارچێوەی ئەو تابلۆیە چەند جوانە. بەڵام وێنەکە هیچ دڵگیر نییە»

-«کەوابوو قەدحەکە بەرن بۆ خۆتان»

-«وێنەکەی چ لێبکەم؟»

-«بیخەنە نێو تەنەکەی زبڵەکەوە»

دوایە سەرنجم دایە کەسەکانی دیکە. «هەرکەسەی تابلۆیەکی پێجوانە هەڵیبگرێ بۆ خۆی.»

ئەوانیش لە خوادایان دەویست. زووتر وابڵێم، زۆری پێنەچوو دیوارەکان بە ڕووتی مانەوە.

-«ئەو کورسیانەتان دەوێ؟»

-«نا، باوەڕ ناکەم»

ئیتر ئەو کەسانەی بەوێدا تێدەپەڕین سەریان دادەخست و دەهاتنە ژوورێ، ئیدی ئەوان ئەو زەحمەتەشیان وەبەر خۆیان نەدەدا، قەدرێک خۆیان بناسێنن، کەسێک بە دەنگی بەرز پرسی:«ئەو [کاناپە]یە چی؟ پێویستیتان پێی هەیە؟»

-«نا، گەرەکم نییە»

ئەویشیان برد. دوایەش نۆرە گەیشتە ئەو مێزەی لە سووچی چێشتخانەکەدا بوو. لەگەڵ سەندەڵییەکان.

ـ«هێنری،ئێوە لێرە [تۆستر]تان هەیە؟»

ـ«ئەو حاجەتانەتان ناوێ، وا نییە؟»

ـ«ناو»

ـ«ئەو سەرویسە نوقرەیە چی؟»

ـ«ناو»

ئەگەر ئەو فینجانی قاوەخۆری و ئەو چاپاڵێوەتان ناوێ دەیانبەم بۆ خۆم»

ـ«ئەوانیش بەرن»

یەکێک لە ژنەکان دەرگای قەفەسی چێشتخانەکەی کردەوە:«ئەو میوەجاتە چی؟»

باوەڕ ناکەم بە تەنیا هەموویان بخۆی.»

ـ«زۆر باشە هەر کەس گەرەکیەتی دەتوانێ بڕێک لەگەڵ خۆی بەرێ بەڵام کارێک بکەن بە هەمووتان رابگات»

ـ«من تووتفەڕەنگیم دەوێ!»

ـ«منیش مرەباکان دەبەم بۆخۆم!»

دەستەیەک دەهاتن و دەڕۆیشتن، دیسان لەگەڵ تاقمێکی دیکە دەهاتنەوە. وردە، وردە ماڵەکە پڕ بوو لە خەڵک. خشەی دەرکێشانی سیفۆنی مەبالەکە هات و دوایەش دەنگی شکاندنی دەفر و حاجەتی مەدبەخەکە.

ـ«باشتر وایە ئەو گەسکە برقییە بمێنێتەوە بۆ تالارەکەتان بە کار دێ»

ـ«باشە دەیهێڵمەوە»



ـ«بڕێک کەل و پەلی باغەوانی لە ژێرخانەکە دایە، خۆ ناتانەوێ؟»

ـ«با، ئەوانە بە کارم دێن»

ـ«بۆ ئەوانە پازدە دۆلارتان دەدەمێ»

ـ«باشە.»

کابرا پازدە دۆلارەکەی پێدام منیش کلیلی ژێرخانەکەم وێدا.

زۆری پێنەچوو دەنگی ماکینەی چەمەنبڕەکە بۆ لای شەقامەکەیان دەبرد، هاتە گوێم.

ـ«هێنری بە راستی پازدە دۆلار بۆ ئەو هەموو کەل و پەلە کەم بوو زۆر لەوە بەقیمەتتر بوون.» من وەڵامم نەدایەوە.

ـ«ماکینەکە چی؟ هی چوار ساڵ لەوە پێشە»

ـ«وای بە چاک دەزانم ماکینەکە گل بدەمەوە.»

ـ«ئامادەم پەنجا دۆلارتان بدەمێ.»

ـ«دەمهەوێ ماکینەکە بهێڵمەوە»

کەسێکی دیکە قاڵی وەتاغی لای باشووری پێچاوە و بردی.

ئەو جارە کە هیچی وا نەمابوو بە کار بێت. یەکە یەکە بڵاوەیان کرد و رۆیشتن، تەنیا سێ‌چوار نەفەرێک مابوونەوە، ئەوانیش زوو بۆی دەرباز بوون شیلانگی ئاوەکە و قەرەوێڵە و یەخچاڵ و کوانووی گازی و لوولەیەک، کاغەزی مەبالەکە مابۆوە، ئەوانیش شتێکی وانەبوون.

درگای ژێرخانەکەم داخست و لە ماڵێ وەدەر کەوتم. دوو منداڵ خەریکی یاری خلیسکێن بوون. لەبەردەم دەرگای ماڵەکەدا راوەستان، منیش خەریک بووم دەرگاکەم قفڵ دەکرد.

ـ«ئەو پیاوە دەبینی؟»

ـ«ئەرێ»

ـ«بابی مردووە»

ئـەوان بـە سـواری کەوشـە تەگـەردارەکانیان ئیسـکەیت ڕۆیشـتن، منیش دەستم دایە شیلانکی ئاوەکە، شیرەی ئاوم کردەوە و دەستم کرد بە خاوێن کردنەوەی باخچەکە.



## شێر

مەنسوور یاقووتی[١]

ئاسنگەری جوامێر لەگەڵ کوڕە مێرمنداڵەکەی تێر تەماشای شێرە بەندکراوەکە نەدەبوون, هەموو ئێوارەیەک کە منداڵەکە لە قوتابخانە دەگەڕاوە بۆ ومـاڵێ، ئاسنگەر دەستی لە کار هەڵدەگرت و لەگەڵ کوڕەکەی دەچوون بۆ پارکی شاری. ئەو شوێنەی پاڵەوان سەمای بە شێرەکەی دەکرد. قەفەسەکە تەنگەبەر بوو، شێر باش تێیدا هەڵنەدەسووڕا. هەموو جارێ سەر و چاوی لە نەردەی قەفەسەکە دەسرەواند. لە یەک دوو لاوە نێوچاوانی بریندار ببوو. شێر زیت و چالاک بوو، یاڵێکی کورت و دوو چاوی گەورە و زەرد، لەشولارێکی کەم تووک، کلکە درێژەکەی دەگەیشتە تەرکی قەفەسەکە، کەلەکەی تێکقووپاو، نێوقەدی باریکی لەگەڵ ئەو شان و ملە جوانەی سرنجڕاکێش بوون. شێر قەت وا نەبوو لەو قەفەسەدا هەست بە ئارامی و حەسانەوە بکا. قەڵس و تووڕە دەهات و دەچوو. پێکەنین و دەنگ و هەرای خەڵکەکە ئەوەندەی دیکە جاڕزی کردبوو. بە

---

[١]مەنسوور یاقووتی لە دایک بووی ١٣٢٧ دانیشتوی کرمانشان و فارسی نووس، خاوەنی رۆمانی "چراغی بر فراز مادیان کوه" افسانەی سیرنگ... "

چەشنێک بەرەو ڕووی ئاپۆرەکە دەیبۆڕاند لە وانە بوو نێوکی خەڵک بکەوێ! خەڵکەکە بە نەڕە و گوڕەی شێر لە ترسان کشانە دواوە، لەو کاتەدا زۆر کەس وە بن دەست و پێی عالەمەکە کەوتن. هەر لەو وەختەدا پاڵەوان شیشەیەکی ئاسنی هەڵدەگرت و بە حاڵەتێکی جوامێرانە بۆ لای قەفەسەکە دەڕۆیشتە پێشێ، بە کەیفی خۆی بە شیشەکە لە نەردەی قەفەسی دەسرەواند. شێر وەک ئەوەی بیهەوێ هەڵمەت بەرێ سەری دەخستە سەر هەر دوو دەستی و زاری دادەپچڕی و بە تووڕەییەوە ڕووی دەکردە پاڵەوان و دەینەڕاند. پاڵەوان دەیگوت: بۆ ئەوە ناشێ متمانەی پێبکەی. جارێک لەو کونانەوە بەو پەنجە زلانەی تەواوی سەر و گۆیلاکی داڕووشاندم، خوێن لە ڕدێنم دەچۆڕا، کوڕی ئاسنەگەرەکە پرسی: "باوە، بەڕاستی وای کردبوو؟" ئاسنگەر دەست بە سەری کوڕەکەی دادەهێنێ و دەڵێ: ــ درۆ ناکا! ــ وا هەیە ڕۆژێک ئەو شێرە پاڵەوان بخوا؟ ــ پاڵەوانیش هەر لەوە تۆقیوە. ئاسنگەر بێخەبەر لە تەڕدەستی کابرای پاڵەوان تێر تەماشای ئەو شێرە لە بەند کراوە نەدەبوو. وا لە قەفەسەکەدا هەراسان دەهات و دەچوو، شێر حەوسەلەی شۆخی و کایەی نەبوو. جارێک کوڕە جحێڵێک دەستی برد لە کونی قەفەسەکەوە کلکی کێشا! شێر لێی وەرسووڕا، بۆڕاندی کورە جحێڵە لە ترسان خۆی پیس کرد. پاڵەوان گوتی: ـ"شوێنی چڕنووکی ئێستاش لە سەرمدا دەبیندرێ، تماشا کەن ئەو دوو قامکەشم لە جێ چووە!"ئاسنگەر لەگەڵ کوڕەکەی بەرەو ماڵ ببوونەوە، کوڕە مێرمنداڵەکە ئەوەی دیتبووی بۆ دایکی دەگێڕاوە: "دایە!... ئەوڕۆ بەڕەڵایەک کلکی شێرەکەی پاڵەوانی کێشا، ئەئاوا هەڵمەتی بۆ برد. ئەویش پاتۆڵەکەی پیس کرد."ـ ئەی دایکی کوێر بێ, ئەی هیچی لێ



نەهات؟ـ نا، هەر گووی بە خۆی داکرد.ئاسنگەر دەیگوت: "ژنەکە! زۆر حەیفە ئەو شێرە ئاوا بەند کرابێ، زۆر حەیفە! عەجایب شان و ملێک! تەح لەو شێرە!" ژنە تەنیا جارێک چاوی پێیکەوتبوو دەیگوت: شێریان نەوتووە و قەفەس، شێر و دارستانیان گوتووە. ئاسنگەر دەیگوت: هەر کە سەری لە نەردەکان دەسرەوێنێ ئاورم بۆی تێبەر دەبێ، تەنیا بۆ ساتێکیش سرەوتنی نیە کوڕیژگە دەپرسێ: ئازادی ناکات؟ـ نا کوڕی خۆم!ـ باوە درگای قەفەسەکەی بۆ بکەینەوە با بڕوات.دایکی کوڕەکە دەیگوت: کوڕی خۆم تۆ چی دەزانی!ئاسنگەر دەیگوت: چاک چۆتە دڵمەوە، بەڕاستی شێری بێشە ئە بەوەی دەڵێن! ژنەکەی دەیگوت: خەو و خۆراکت بۆتە ئەو شێرە، پیاوەکە! شار ئەوەندە چکۆلانە بوو دەتگوت دێیەکە و لەبەر یەک ڕەویوەتەوە!... بێجگە لەوەش زنجیرەکێوێک لە شانی باکوورەوە و باغاتی بەربڵاوی گوێز و بادام و ڕەز دە ئامێزیان گرتبوو. ماڵەکان پشتیان بە پشتی یەکەوە دابوو، پەنجەرەکانیش ڕووەو ڕۆژهەڵات و بەهارێکی دڵگرو سەربانی بە قوڕسواغدراو. پاڵەوان وانێتبارەکەی لە ژێر سێبەری خۆشی دارە بەرزەکان‌دا پارک کردبوو، وەختێک شانۆکە کۆتایی پێهات قەفەزەکەی بە شێرەکەوە خستە سەر وانێتبارەکە. بە چادرەکە داپۆشی و لە چەند لاوە تەنگەوتیلەی دا. هەوای سەفەر بۆ شارێکی دیکە لە سەری دابوو.لە شارە چکۆلانەکان زووتر خەڵک خەبەردار دەبن. بێکاری و نەبوونی گیروگرفت و خۆ بە یەکەوە ماندوو کردن و ئەم چی دەکات، ئەو چی دەکرد. ئەوە تایبەتە بە شوێنی بچووک. ئاسنگەر زوو هەواڵی ڕۆیشتنی پاڵەوانی لە شار بیست. لەوە دەچێ وتبێتی:"خەڵکی ئەو شارە ئەوەندە بەرچاوتەنگن، لەوانەیە شێرەکەم لە برسان قڕی بێت." بیری کردەوە فکرێک بۆ حاڵی خۆی بکا.

کاتێک شەیپووری یاساوڵ بێدەنگ بوو ئاسنگەری جوامێر چەند کلیلێک و لاڕانی مەڕێکی لە خام پێچراوی هەڵگرت و بەبێ هەست درگای حەوشەکەی کردەوە و خۆی بە کۆڵانیا کرد.حەولی دا لە کوێوە نزیکە زووتر خۆی بگەیەنێ بە شوێنی مەبەست. خێراخێرا دڵی لێیدەدا، بەڵام نەترسابوو، پیاوانە هەنگاوی دەنا، کەوشی جیری لە پێ کردبوو، هەتاکوو دەنگی پێی نەیە. هەر چاوێکی لێ ببوو بە چوار چاو. هەستی بۆ هەر دەنگ و خشپەیەک ڕاگرتبوو. وەختێک گەیشتە پارکەکە بە نەردەکاندا وە سەر کەوت و بە قەراغ دار و درەختەکاندا خۆی گەیاندە شێری بەندکراو. شێر لە نێو قەفەسدا سەری وە سەر دەستی کردبوو. کەسی بە دەورەوە نەبوو. ئاسنگەر چووە پێشێ و خامەکەی لە گۆشتەکە کردەوە. شێر لە جێی خۆی ڕاست بۆوە و لە ئاسنگەر و ڕانە چەورەکە ڕاما، ئاسنگەر لە مابەینی نەردەکانەوە گۆشتەکەی ئاوقای ئەو دیوی قەفەسەکە کرد. شێر سەیرێکی گۆشتەکە و ئاسنگەری کرد، بە ئارامی گۆشتەکەی کێشا بەر دمی خۆی. یەکەم کلیل قفڵی درگای قەفەسەکەی نەکردەوە، دووهەم کلیل هەڵینەگرت، کلیلی سێیەم لە قفڵەکەدا سووڕا، کردییەوە. ئاسنگەر کلیلەکەکانی خستەوە نێو گیرفانی. درگای قەفەسی کردەوە و لە چاو ترووکاندنێکیدا خۆی ون کرد. شێر گۆشتەکەی بە جێ هێشت و لە درگای ئاواڵەی قەفەسەکەوە هاتە دەرێ. ساتێک لەبەر دەم قەفەسەکەدا ڕاوەستا، لەناکاو بە چەشنێک زریکاندی خەڵکی ئەم شارە چکۆلەی تەواوی لە خەو ڕاپەڕاند. شێر لاقی لە سەر دڵی تاریکی دانا و خۆی ڕزگار کرد.



خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکی "دوای ئەو شەوە" خانمە نووسەری ئێرانی لە دایک بووی ١٣٥٢ یەکێ لە چیرۆک نووسە باشەکانی ٧٠و٨٠ هەتاوییە و ئازار و مەینەت بەشییەکانی چینی ئافرەتان لە قاو دەواو بە هیوای بنە بڕ کردنی ئازارەکانە...

* سەرچاوە: ندای جامعە، یاقوتی ـ منصور، شیر، شمارە ٦٣، آبان ١٣٨٢.

# هەوریشمینە پا

ئەبوو توراب خوسرەوی[1]

کاتژمێر لە سەر یەک حەوت کەرەت دینگەدینگ بکا ئەوە سەعات حەوتە. کاتژمێری دیوارەکە حەوت جار، دینگەدینگی کرد و ساعەت تەواو حەوت بوو و تازە مشکێک خەریکی کرتاندنی سیمی کارەباکە بوو.

وتم: "کاتژمێری حەوت بۆ چ کارێک باشە؟" دایکم وتی: "بۆ ئەوە باشە ئەمن لێرە لە سەر ئەو کورسیلەیە دابنیشم، گوێ بۆ ڕادیۆ ڕابگرم، بەو هەوریشمەش لە سەر ئەم بلووزە دارێک و پەپوولەیەک لە پەنا ئەو منداڵە چاو زیتەدا بچنم." کە چی من هیچ منداڵێکم لە پەنای دار و پەپوولە نەدەبینی. وتم: "بەڵام هێشتا هیچ منداڵێک نەهاتۆتە پەنای دار و پەپوولەکە." دایکم وتی: "نەختێک سەبرت بێ، دێت."

[1]ابوتراب خسروی نووسەری ئێرانی لە دایک بووی ١٣٣٥ هەتاوی لە کتێبە بەناوبانگەکانی اسفار کاتبان، دیوان سومنات. هەوریشمە پا یەکێ لەو چیرۆکانەیە لە دیوانی سومنات.



پرسیم:"بە چی دێ؟" وتی: "هەر بەو میلانەی پێی دەچنم." وتم: "کێیە دێ؟" وتی: "پێت خۆشە کێ بێ؟" وتم: "پێم خۆشە بۆ خۆم بێم." وتی: "زۆر باشە، پێت خۆشە لە پێشدا لاقەکانت بێ یان چاوەکانت؟" زۆرم بیر کردەوە و گوتم: "پێم خۆشە لە پێشدا لاقەکانم بێن، دوایەش دەست و ئاخری هەمووشیان چاو و گوێچکەم." دایکم وتی: "دەتەوێ بە لاقەکانت چ بکەی؟"

وتم: "دەمەوێ بە لاقەکانم بکەومە شوێن پەپوولەکە." نەموت لەگەڵ پەپوولەکە دەچمە کوێ.

دەمویست هەتا قەراغ چۆمەکە بچم کە وا لە نێو قاپی وێنەکەدا بوو و دارێکی سەوزی لێڕوابوو و پیاوێک پاڵی پێوە دابوو و دایکم دەیگوت بابەیە.

مشک ملی نابوو لە جووتنی شووشەی پەنجەرە و دایکم خەریک بوو لاقەکانمی دەبرد پەنای دار و پەپوولەکە. هەر ئەوەندەی لاقەکانم وەدەرکەوتن، کەوتمە شوێن پەپوولەکەوە. پەپوولەکەش کە دەیزانی هێشتا دەستەکانم دەرنەهاتوون بە لاقانیش هیچم بۆ ناکرێ، هیچ نیگەران نەبوو، بە دەوری دارەکەدا دەخولاوە و دەچووە حەواو و دەهاتە خوار لەنگەری دەبەست. لە نێو تابلۆکەدا بە سەر چۆمەکەوە دەفڕی و بزەی دەهاتێ. دەمزانی خەریکە پێدەکەنێ، بەڵام چوونکە هێشتا گوێچکەم نەبوو پێکەنینم نەدەبیست، بەڵام لەبەر ئەوەی قاقای پێکەنینی بابم لە نێو تابلۆکەدا بیستبوو، دەمزانی قاقا کێشانی پەپوولەکەش لە پێکەنینی بابم دەچێ کە هەمیشە لە نێو تابلۆکەدا پێدەکەنێ و دەنگی پێکەنینەکەی لە ڕادیۆوە بە دنیادا بڵاو دەبێتەوە.

من بەو لاقانەم بۆ کوێ کە نەچووم. لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ بە شوێن پەپوولەوە بە دەوری دارەکەدا دەسووڕامەوە و دایکیشم لە

بەیانییەوە هەتا شەوێ لە پەنا تەلێفوونەکە دانیشتبوو سۆراغی باوکمی دەگرت نەهاتبۆوە بۆ ماڵێ و لە هیچ جێگایەک نەبوو جگە لە قەراغ ئەو چۆمەی نێو تابلۆکەدا. هەروەها بە دایکم نەگوت پێکەنینی پەپوولەکە لە پێکەنینی بابم دەچێ، چوونکە دادەنیشت و دەگریا، منیش دینگەدینگی ئەو کاتژمێرە دێزەیەم دەژنەوت، بۆ وێنە ئەو ڕۆژەی دایکم خەریک بوو بە تەلێفوون قسەی دەکرد و لە باوکم دەگەڕا و هیچ حاڵی باش نەبوو، من دینگەدینگی ئەو کاتژمێرە پیسەم ژمارد، حەوت جار لێیدا کاتی عەسر بوو، حەوتی بەیانی نەبوو. من هەر نەمدەزانی بەڕاستی کاتژمێری حەوت بۆچی باشە. دایکم وتی: "کاتژمێر حەوت بۆ ئەوە چاکە دار و درەخت و پەپوولە و مرۆڤەکان لەو سەعاتەدا وەبەر تاریکاییە نەکەون و هەر لەو ڕێگایەوە کە پێیدا هاتوون بگەڕێنەوە. کاتژمێری حەوتی بەیانیش بۆ نان و بەرچایی خواردن.

من وتم: "ئەی بۆچی بابە هەر لەو ڕێگایەوە کە پێیدا ڕۆیشتووە نەگەڕاوەتەوە، هەتا حەوتی بەیانی نان و بەرچایی بخوا؟"

دایکم وتی: "وێدەچێ لە ڕێیەدا بۆ دارێک یان پەپوولەیەک، یان پیاوێک لە یەکێک لە سەعاتەکانی نێو ڕێدا ڕووداوێک بێتە پێش، هەر لەوێ وەمێنێ و نەگەڕێتەوە ماڵ و پاشان بێتەوە."

بۆ من گرنگ نەبوو کە هێشتا دەست و چاوم وە دیار نەکەوتبوون هەتا پێکەوە وە دووی پەپوولە بکەوین و یاری بکەین. کاتێک دایکم لە ماڵێ نەدەبوو یان خەوتبوو، من بە لاقەکانم وە شوێن پەپوولە دەکەوتم. پەپوولەکەش بە دەوری دارەکەدا دەخولاوە و خۆی بە وەتاغێدا دەکرد و لە وێوە خۆی دەگەیاندە نێو تابلۆکە و لە سەر دەم و چاوی باوکم دەنیشت و پێم پێدەکەنی، دیسانیش



دەگەڕایەوە نێو وەتاغ و دەچووە ئەو جێگایەی دایکم لێی نووستبوو، لە ژوور سەری دایکم دەسووڕا و لە سەر چاوی دەنیشت و منیش بە هەموو لایەکدا بەو لاقانە وە شوێنی دەکەوتم. دایکم هەر نەشیدەزانی من بەو لاقانە بۆ کوێ دەچم هەتا ئەو ڕۆژەی دەست و چاوم وە دەرکەوتن و هاتنە لای لاقەکانم لە حاست دارەکە.

دایکم وتی: "لە چاوەکانت بڕوانە، سەرنج بدە بزانە بەو میلانە دوو چاوی چەند جوانم بۆ داناوی. سەیری دەستەکانت بکە. ئەوجار دەتوانی پەپوولەکە بگری."

پەپوولەکە لە پەنا دارەکە نیشتبوو و قاقا پێدەکەنی، من دەنگی پێکەنینەکەی دەناسمەوە، دەزانم کاتێک باڵ لێکدەدا خەریکە پێدەکەنێ. من کە تا ئەو ڕۆژە بەو چاوە جوانانەم ئەوم نەدیبوو. تەنیا بە لاقم وە دووی کەوتبووم. چەند جوان بوو، زەرد بوو بە خاڵی سەوز و سوور و شینەوە. من و پەپوولە چاوەڕوان بووین دایکم بخەوێ، یان جلەکانی بکاتە بەر و بڕوا بە شوێن بابمدا. هەتاکوو ئێمە لە سەرڕا دەست بکەینەوە بە کایە. دایکم دایمە خەریک بوو بە تەلێفوون قسەی دەکرد. دینگەدینگی کاتژمێرەکە دەهات، لە نێو قسەکانیدا ناوی بابمی دەهێنا بابیشم لە هیچ کوێ دیار نەبوو! مەگەر لە نزیک ئەو چۆمەی وا هەمیشە دەنگی خوڕەخوڕ لە نێو وێنەی تابلۆکەوە دەهات. دایمە چاوەکانی لە نێو وێنەکەدا وەکوو دوو ئەستێرە گرشەی دەهات. گوێم لە دەنگی باڵی پەپوولەکە بوو لە نێو وەتاغەوە دەهات و دەچوو. باڵی لێک دەدا و دەیگوت: "وەرە بە دوامدا"منیش بە لاقەکانم وت: "پەپوولە بۆ هەر کوێ چوو ئێوەش بڕۆن."

لاقەکانم وە دووی پەپوولە کەوتن. پەپوولەش بە دەوری چراکەدا باڵی لێک دا و خۆی کرد بە وەتاغدا. منیش بە دەوری چرادا

خولامەوە و بە نێو وەتاغەکەدا سووڕامەوە، کەوتمە شوێن پەپوولە کە لە سەر پنچکی نێو تابلۆکە نیشت. ئەو دارەی بابم بە پێوە پاڵی وێدابوو و مشکە خەریکی جووتنی شتێک بوو، من بابم نەدی بەڵام دەنگی پێکەنینەکەیم دەناسی، مشکەش خەریکی جووتنی هەر دوو لێوی بوو.

بە پەپوولەکەم وت: "وەرە با بە یەکەوە لە بابم بگەڕێین."

پەپوولەکەش باڵی لێکدا یانی ها زۆر چاکە، سەرم بە هەموو پەنا و پەسیوەکاندا کرد، ژێر دار و درەخت و بن هەموو پنچکەکان گەڕام، بابم لە هیچ شوێنێک نەبوو، پەپوولەکەش کەلوکوون نەما سەری پێدا نەکا، لە سەر چڵەگیایەکەوە لە قەراغ چۆمەکە نیشت، جوان سەرنجی نێو ئاوەکەم دا بەڵکە بابم لە ئاودا بێ مشکەکەم دیت بە پەلە خەریکی جووتنی چۆمەکە بوو.

پەپوولەکە هەڵفڕی. منیش وە دووی کەوتم، دینگەدینگ دەهات، حیسێبم کرد کات حەوتی عەسرێ بوو. خەریک بوو تاریک دادەهات. بە شوێن پەپوولەکەدا لە چەم دوور کەوتمەوە و گەیشتمە ئاخری دنیا. لەو ئاخری دنیایە دیوارێکی تاریک هەیە، تەواوی قالاوەکانی دنیا ئێواران دێن و لە سەری هەڵدەنیشێن. بە پەپوولەکەم وت: "بمبەوە بۆ ماڵێ." پەپوولە وتی: "دەی باشە من شارەزای ڕێگام، دەبێ هەر لەو ڕێگایەوە کە پێیدا هاتووین وەگەڕێین." پەپوولەکە باڵی لێکدا و بەرەو بەشی ڕووناکی دنیا فڕی منیش بە لاقەکانم بە دووی‌دا هەڵدەهاتم. دەنگی دینگەدینگ حەوت جار بەرز بۆوە ڕەنگی ئاسمان سورمەیی بوو، بەڵام ئێمە گەیشتبووینە جێگایەک ئاسمان لەوێ سەوز بوو و لەپڕ مشکە ڕەشەم بە کلکی درێژیەوە بە ئاسمانەوە دیت کە خەریکی خواردنی مانگ بوو. سەعات شەش جار



دینگەدینگی هات و قالاوەکان بە سەر سەرمانەوە بەرەو تاریکی دەفڕین. هەوای عەسر وەک مێوژۆکە دەلەرزی، دووکەڵێکی ڕەش بە هەوای شین و سەوز و نارنجی عەسرەوە ئاولان بوو، دەنگی دینگەدینگ دەهات، پێنج جار دینگەدینگ بێ یانی پێنجی ئێوارەیە. ئێمەش دینگەدینگمان دەبیست و بۆنی دووکەڵیش دەهات، دووکەڵی جلوبەرگ، دووکەڵی گۆشت. گەیشتبووینە شەقامەکانی شار، مشک دار و دیوار و بن میچەکانیشی جووتبوو. من بەدەم هەڵاتنەوە دینگەدینگەکانم دەبژارد و سەیری ئاسمانم دەکرد و مشکەم دەدی خەریک بوو گۆشەیەکی ئاسمانی دەجووت. دوازدە جار دەنگی دینگە دینگ هات. کاتژمێرەکانی بەیانی بە دینگەدینگ دێن. و منیش هەموویان دەناسم هەموو ئەو سەعاتانە هەر بەو لاقانە بە شوێن پەپوولەکەدا هەڵاتم و هیچیش ماندوو نەبووم پەپوولەش کە قەت ماندوو نابن. پەپوولە نەبوایە ڕێگام لێ ون دەبوو، ئەگەر ونیش ببام خەتای ئەو دینگەدینگانە بوو، من بە دایەم وتبوو خۆزگە ئەو کاتژمێرە ناجسنە نەبایە و وەختێ دەگەمەوە ماڵ حەوت جاری لێ نەدابا، مشک نهۆمی سەرەوەی جووتبوو، دەرگای ژوورەکان جووترابوون، حەوشە و حەسارەکە جووترابوون و لەوە دەچوو مشک خەریکە دەنگی ڕادیۆکەش دەجوێ.

دەنگی تەپڵ لە ڕادیۆوە دەهات، لە دالانەکە تێپەڕیم، دایە لە سەر سەندەڵییەکەی سەرسەرا دانیشتبوو و خەریکی چنین بوو. ئەوەندە سەرقاڵی کارەکەی بوو گوێی لە تەپەی پێم نەبوو.

وەکوو پشیلە سەرم کردە سەر ڕانی. لە بن لێوەوە وتی: "شایانە ژیکەڵانەکەی دایکی لە کوێ بووی." هەروا خەریکی چنینی خۆی بوو. ئەژنۆکانیم ڕاتەکاند، تابلۆکەم پیشان دا ئەویش سەری بە سەر

وێنەی نێو تابلۆکە ڕۆگرت و حەولی دۆزینەوەی بابمی دا کە لەوێ نەبوو. دایکم تاڵێک هەوریشمی سووری لە قامکی هاڵاندبوو. خەریک بوو بە پەلە دەم و لێومی دەچنی. ئەژنۆکانیم ڕاوەشاند.

مشک لە ئاسمان هاتبووە خوار و خەریک بوو لاقمی دەجووت. دایکم ئاگای لە هیچ شتێک نەبوو، لە تابلۆکە ڕامابووم لە نێو دار و درەختاندا لە بابم دەگەڕام، مشک تازە ئەژنۆکانمی جووتبوو و تفی کردبۆوە. خەریک بوو شان و پیلی دەخواردم. دوایە هەوریشمەکەی دەم و لێوم جووتران و ئیدی ئەو چاوە جوانانەم هیچ کوێی نەدی. ئەمن ئیتر لە هیچ کوێ نەبووم و مشک خەریکی خواردنی ئەژنۆکانی دایە بوو کە لە نێو تابلۆکەدا لە بابم دەگەڕا.

* دیوان سومنات، خسروی ـ ابوتراب، نشر مرکز ، چاپ دوم، ۱۳۸۰.



## دوای ئەو شەوە

مەرجان شیرمحەمەدی

ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ، لە شەقامەکەوە دەڕۆیشتم، هەر ئەو شەقامە درێژەی بە شانی وەرزشگاکەوەیە.هەر ئەوەی چواردەوری دیوارە، لە هەوەڵەوە هەتا کۆتایی چۆڵ و هۆڵ تر لە جاران. لە بەر ئەوەی ئەمڕۆ هەینی بوو. دەزانی چیم وە بیر هاتەوە؟ ڕەنگبێ بزانی. بڕێک گۆڤار و ڕۆژنامەت لوولە کردبوو و خستبووتە بن هەنگڵت بە پەلە ملی ڕێگات گرتبوو. تاریک داهاتوو. کتێبێکم بۆ ڕۆژی لەدایک بوونت کڕیبوو. لە جانتاکەم دەرهێنا و دامە دەستت. ئەو ڕستەیەم لە سەر هەوەڵ پەڕی کتێبەکە نووسیبوو، ئێستاش هەر لە بیرمە:" بۆ هەمیشە نوختە، بێ نوختە هەتاهەتایە."

کتێبەکەشت هەر وەک گۆڤاراکان لە بن هەنگڵ نا. زیاتر لە دە چرکەسات وەختمان نەمابوو. کەسێک بە ماشێنەوە لە شەقامی بەهار چاوەڕوانت بوو، ناویشت وت، بەڵام لە بیرم نەماوە. ئاخری ئەو شەقامە دەیمێنێ بگاتە بەهار، کۆڵانێکە،کۆڵانێک بە ماڵە کۆنەکانییەوە، بە پیرە دارەکانییەوە بەڵام لایەکی کۆڵانەکە هێشتا دیوارە. هەتا ئەو سەری کۆڵانیش چوویین و گەڕاینەوە. پێتم وت:

"دەزانی چیە؟ هەست و ئیحساسی کەسێکم هەیە کە خەڵاتێکی بە نرخی زۆر جوان. ئەو کەسە دایمە دوودڵە، نەکا خەڵاتەکەی لە دەست بەرێتەوە و بشکێ."تۆ پێت وتم:"کچی باش، تۆ ئەوینداری." منیش وتم:" تۆ ئەویندارت کردووم."

هەر زۆر زوو، هەستێک، هەستێکی نامۆ پێی وتم تۆ ئەو هاموشۆیە تەواو دەکەی. ڕۆژێک دێتوو دەڵێ:" بەسیەتی با کۆتایی پێ بێنین. "جارێکیش ئەوەم پێ وتی، بەڵام تۆ وتت:" دڵنیای تۆ ئەو کارە ناکەی؟"

من وتم:" من؟ من باوەڕم هەیە بە هەست و ئیحساسم." دەزانی، هەمیشەی خودا تۆ لەگەڵ خۆت بە کێشە دەهاتی. خۆیشت نەتدەزانی خەریکی چی. بەڵێ ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، تێدەگەم ئیدی لەو هەموو " دایە مەمدە بە گورگێ"یە ماندوو بووم. زۆرم ناز کێشای.

پێت دەوتم:" من مەفحت دەکەمەوە." وتم:" ئەگەر بەجێم بێڵی، ژیانم لێ دەشێوێنی." تۆش بەڵێنت پێدام کە بەجێم نەهێڵی. لە هەرچی شەرت و قەرارە بێزم هەڵدەستێ. بەتایبەت لە قەولی پیاوانە ئەمرۆ بەڵێنت پێدام، حەوتەیەک دواتر بەڵێنەکەت خستە ژێر پێ. دیسان قەولت دا و هەر خێراش شەرت و پەیمانت بەتاڵ کردەوە. قسەت بڕ ناکا. پیاو باوەڕ ناکا ئەوەندە پەیمان شکێن بی. جارێک لە شەقامی بەهارەوە دەهاتینە خوارێ. دەمەو ئێوارێ بوو. لەبارەی فیلمێکەوە قسەمان دەکرد. ژن و پیاوەکە دمەقاڵەیان بوو.

تۆ وتت:" بەستەزمانە، چەندە ئافرەتێکی بێتاوان بووا!" من وتم:" بنیادەمێکی گەوج بوو." چونکە دەزانم گەوج بوون چۆن چۆنییە، بە چەشنێک وەکوو خۆم. تۆ وتت" ئافرەتەکە ئەویندار بوو." بە سیلەی چاو سەیرم دەکردی. هەر وەک جاران کتێب و گۆڤارت پێ بوو،



سەرت بەردابۆوە و بە پەلە دەڕۆیشتی. لێم گەرێ با لە لایەکی دیکەوە دەست پێ بکەم. هەر ئەو شەوەی خەریک بووم یەکێ لە گەڵاڵەکانم پاکنووس دەکرد. کات دوازدەی شەو بوو تەلەفۆنت کرد:" سەلام، حاڵت چۆنە؟"

"سەلام، ئێوە چۆنن؟" " من زۆر باشم، ئەی ئێوە؟"

پێت وایە دەمتوانی باش نەبم؟ گەڵاڵەی چەند کارێکم پێدابووی وەیخوێنی، بیروڕای خۆت دهربڕی. وتت: "گەڵاڵەکانتم خوێندەوە. باش بوون. سبەینێ دوای وانەکان بە یەکەوە دێینە دەرێ، قسەیان لە سەر دەکەین. ئێوە سبەینێ دێنەوە سەر کلاس؟"

"بەڵێ سبەینێ دێم." "کەوابوو هەتا سبحەینێ." بەیانی نەختێک دواکەوتم، وانەکانم زۆری کات گرتم. بەقەت درێژایی تەمەن. دە جاریش سەیری کاتژمێرەکەم کرد. هەتا ئەو وەختەی زەنگی سەعات حەوت لێدرا. دەرسەکان تەواو بوون. بەڵام هاوڕێکانت نەیاندەهێشت بڕۆی، لە دەورەت کۆ ببونەوە. پرسیار لە سەر پرسیار. من لە دالانەکدا ڕاوەستابووم وا بزانم دە چرکەیەک دەبوو. ئەو شەوە ماشێنت هێنابوو. لە بەر چاوی ئەو هەموو خوێندکارە سواری ماشێنەکەت بووم. وتم: "ترسی دەمگۆت نیە؟" وتت: "نا، هەر بەڕاستی پێم خۆشە خەڵک خراپ لە بارەی منەوە بیر بکەنەوە. دەمهەوێ چەواشەیان بکەم."

چاوێکم لێکردی و پێکەنیم. ئەوەش چ پێکەنینێک، گاڵتە جاڕی، بە دەست خۆم نەبوو. بەڵام قەت وا بیر مەکەوە تۆش زۆر وریای. ڕوانینەکەت هەموو شتێکی دەرکاند. وتت: "بەستەنی دەخۆی؟" وتم: "بەو سەرمایە؟ بەو زستانە؟" وتت: " بەڵێ ئێستا بەستەنی خۆشە." لە ئاخری دا، سەبارەت بە زۆر شت قسەت کرد، تەنیا لە بارەی

گەڵاڵەکانی منەوە نەبێ. لە دڵەڕاوکێ هاتمە دەرێ، وتم: "دەزانی چیە؟" وتت: "چی؟" وتم: "من حەزم لێتە." وتت: " کچێکی سەیری!" ئیتر بێدەنگ بووی. دەقەیەک هیچت نەگوت. لە یەکێک لە شەقامەکانی قەرەباڵغی شاردا بووین. نازانم کێها شەقام بوو. پێویست ناکا کوێ بوو. ئیتر تۆش دەستمت گرت و وتت: "منیش ئەوینداری تۆم."

بۆ ماوەیەکی کەم چاوم لە سەر یەک دانا. وەمدەزانی کێشی پەڕە مریشکێکم هەیە لە سەر زەوی.

با ئەوەش بڵێم: بۆ ئەو چرکەساتە شیرینە زۆرت سپاس دەکەم. ئەو کاتە تەواوی ئەو ئازارانەی دەهێنا تۆ لە دوایەدا بۆت دروست کردبووم. شتێکی دیکەشت پێ بڵێم: من هەر لە هەوەڵێشەوە بەم باس و خواسەم دەزانی. من دەمزانی تۆ ژنت هەیە. لە مێژ بوو لەگەڵ خۆم کێشەم بوو. زۆر زوو ئەوەم پێ وتی. من نەهاتبووم هێلانە لە ژنەکەت بشێوێنم. هەر دووکمان سەرمان لێ شێوابوو. بەڵام ئێستا وابزانم تۆ بارت ڕاستە. کاتێک وتت: وەختێک دەرس و دەورمان تەواو بوو دەچینە دەرێ، زانیم کارێکی باش نەبوو. کاتێک بە وردی لە چاوم ڕامابووی وتت: "بەستەنی دەخۆی؟!" دڵنیا بووم.

ئەگەر ئەو شەوە نەدەچووینە دەرێ. ئەگەر هەر لە سەر کلاس ڕەخنەت لە گەڵاڵەکانم دەگرتو من ئیزنم بە خۆم نەدەدا قسەبکەم. بەڵێنم بە خۆم دابوو لە دڵی خۆم دا ڕایگرم بۆ هەتاهەتایەو بەڵام تۆ نەتهێشت، تەلەفۆنت کرد و دوایەش سواری ماشێنەکەت بووم. بریا وەڕووی خۆم نەهێنابا. بریا پێتم نەوتبا. خۆزیا ئەو کاتەی وتم خۆشم دەوێی، وتبات: کچی باش دەنا من سەبارەت بە تۆ ئەو هەست و باوەڕم نیە. کەچی تۆ دەستت لە نێو دەستم نا، هەر ئەو جۆرەی بۆ ڕووبەڕووی خۆت ڕوانی بوو، گوتت: "منیش تۆم خۆش دەوێ."



لەو شەوە بە دواوە گوزەرانی منیش گۆڕدرا. تۆ خۆت دەزانی دەڵێم چی، هەزار دەرد سەری لێدابووم. بێ ئارامی، خۆشحالێ، دڵەڕاوکێ...، چەند جۆر بیرم لێدەکردەوە. نەتدەزانی چەندە وەڕەز بووم؟ ڕۆژێک دەتوت: خۆشم دەوێی بەبێ تۆ ژیانم تووڕێک ناهێنێ. ڕۆژێکیش دەتوت: نا، من نابوودت دەکەم. ئاوا نابێ، دەبێ کۆتایی بەو حاڵە بهێنم. دواڕۆژ دەتگوت ڕوو لە هەر لایەک دەکەم لە گەڵم دای. دیسان دەتگوت: هەر دەبێ ڕۆژێک جێتبێڵم.

ئەمڕۆ تەواو حەوتەیەکە لە سەفەر گەڕاومەتەوە. ئەو نووسراوەی بۆت بە جێ هێشتبووم ئێستاش هەر لە سەر تاقەکەیە:

"ئێمە چی دیکە ناتوانین لەو بارودۆخەدا وەمێنین. ئیتر ناشێ یەکدی ببینین. زۆر شتی دیکەش هەیە جارێ بۆ وتن نابێ ئەگەر ماوە بوو باسی دەکەم."

لە ڕۆیشتنەکەت قەڵس نیم. بڕوات هەبێ من لەو سەری دێمەوە، هەر ئەو شەوەی پەنجەت لە نێو پەنجەم نا، وتت خۆشم دەوێی. تووڕە بوونی من هەر لە بەر ئەو نووسراوەیە وا بۆت ناردبووم. شتێکی پڕ و پووچ بوو. ڕەنگبێ ئەوە لە لای تۆش هەر گاڵتە بێ، بەڵام پێم خۆش بوو بە پێوەرێکی دیکە تەواو ببوایە. پێم خۆش بوو بەرەو ڕوم ڕاوەستابای وتبات: خودا حافیز. لەو دوایی یانەدا زۆرت دەستی پێدەکردم. من بەڕاستی خۆم حازر کردبوو بۆ لێک دابڕان. لە یەک دوور کەوتنەوە. بەڵام ئەو نووسراوەیەت، ئەو نووسراوە خاوێنەت، هەمووتان و پۆی کارەکانی لە بەریەک برد.

ئینسان لەم شەقامەدا گەڵێک شتی وەبیر دێتەوە. شێعر و مێعرەکانی تۆ. نازانم من وا بیر دەکەمەوە، هەمووی هەر پەرژین و دیوارە. کەچی هێشتا بەرامەی ئەوینداری پێوەیە. خۆ ڕەنگبێ هەر بۆ

منیش وا بێ. یان لەوە دەچێ من خەریکی خۆ فریو دانم. بۆ ئەوەی هەر وەخت بێ تاقەت بووم شوێنێک بۆ حەسانەوە ساز بکەم. ئێستا بە دایمەی خودا لە بیری ئەو قسە قۆڕانە دام. بۆ هەتاهەتایە، بۆ هەمیشە. ئای چەندە هەڵخەڵەتێنە، چەندە لەرزۆک و ڕووخەکە، هەر وەک بەڵێنییەکانی تۆ.

* سەرچاوە: شیر محمدی. مرجان، بعد از آن شب، نشر مرکز، تهران، چاپ اول ۱۳۸۰
* گۆڤاری مەهاباد/ژ/۲۵/خاکەلێوەی ۱۳۸۲



نجیب محفوظ ـ لە ساڵی ۱۹۸۸ز ـ خەڵاتی ئەدەبی نۆبلی بردەوە لە ئەدەبیاتی دنیای مۆدێرنی عەرەبدا پێشڕەوە. لە ماوەی ٦٠ ساڵدا ٤٠ ڕۆمانی نووسیوە، لە نێو ئەواندا میرامار (١٩٦٧) گۆرانی بووکێنی (١٩٨١) بەشێکە لە ئاساری کلاسیکی ئەدەبیاتی خاوەرمیانە. بێجگە لەوانەش چاردە چیرۆکی نووسیوە، هەڵبژاردەیەک لەوانە بڵاوکەرەوەی قاهیرە لە ساڵی (١٩٩١ز) بە زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی زەمان و مەکان و چەند چیرۆکی دیکە بڵاوی کردەوە.«ڕۆژێکی ناتەواو» لەو کورتەچیرۆکانەی هەڵبژاردراوە.

* سەرچاوە: کارنامە، ژ٣٢ ساڵ ١٣٨١

## رۆژێکی ناتەواو

نەجیب مەحفووز

لەگەڵ بابم دەڕۆیشتم، دەستی راستیم گرتبوو. بۆ ئەوەی لە پێی ئەو دەرچم، خێراخێرا لاقم هەڵدەهێناوە. جلوبەرگم سەرتاپا تازە بوو. پێڵاوی رەش، کەوای کەسک، تەقیلەی سوور. ئەوەندەش بەو بەرگە تازانەوە کەیفم ساز نەبوو. ئاخر نە جەژن بوو نە رۆژێکی تایبەت؛ ئەوە یەکەم رۆژ بوو دەیانناردمە قوتابخانە، دایکم لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری دەکردین. منیش خێراخێرا ئاوڕێکم لێدەداوە، دەمویست بە هانامەوە بێت.

ئەم بەر و ئەوبەری شەقام زەوی و زار و باغ و بێستان بوو ملی ڕێگامان گرتبوو. هەتا چاو دەیدی سەوزەجاڕ بوو. داری هەنجیر، خەنە، تاقولۆقیش داری خورما.

لەسەرخۆ وتم: بابە من خەتایەکم نەکردووە، بۆچی دەمبەی بۆ قوتابخانە؟...!

بە پێکەنینەوە گوتی:«خۆ منیش نامەوێ تەمبێت بکەم، قوتابخانە جێگای تەمبێ کردن نییە، کارخانەیەکە لە منداڵانی چکۆڵە، پیاوانێکی



گەورە و بلیمەت دروست دەکا. پێتخۆش نییە ئەتۆش یەکێک بی وەکوو باب و براکانت؟»

بەو قسانە رازی نەبووم، باوەڕم نەدەکرد دور کەوتنەوە لە ماڵێ و رۆیشتن بۆ ئەوبەری شەقام بۆ نێو ئەو خانووە زەبەلاحە کە هەروەک قەڵای دێو و درنج دەچوو کارێکی باش بێ. گەیشتنە بەردەرگای قوتابخانەکە. حەسارەکەی پڕ بوو لە کوڕ و کچی چکۆڵە، بابم وتی:«بۆخۆت برۆ، بچۆ بۆ لایان. شەرم مەکە و رووت خۆش بێ، کارێکی وا بکە هەموویان چاو لە تۆ بکەن کوڕێکی چاک بە.» منیش خۆم لە قسەکانی گێل کرد، توند توند دەستیم گرتبوو. بەڵام ئەو زۆر بە هێمنی لە خۆی دوور دەخستمەوە و گوتی:«پیاو بە، لەوڕۆکەوە ژیانی راستەقینەت دەست پێدەکا، کاتی گەڕانەوەش بۆ ماڵێ چاوەڕێت دەبم.» هیچ کەسێکم نەدەناسی. ئەوانیش منیان نەدەناسی. لە دڵی خۆمدا وتم، هەر دەڵێی رێگام لێ ون بووە. بەڵام وردە وردە وەک ئەوەی شتێکی سەیریان دیتبێ هەموویان چاویان تێبڕیم. کوڕێک هاتە بەردەمم گوتی:«کێ لەگەڵت هات؟» لە بن لێوەوە گوتم:«بابم» سەری بەرداوە و گوتی:«من بابم نەماوە»

مەحتەل مابووم، نەمدەزانی چی بڵێم، دەرگای مەدرەسە بە جیڕەجیڕێکی ناخۆشەوە پێوەدرا. منداڵەکان دەستیان کرد بە گریان زۆری پێنەچوو زەنگ لێدرا. ژنێک و سێ‌چوار پیاو ئارام و لەسەرەخۆ هاتن بۆ لامان. پیاوەکان بە چەند دەستە ئێمەیان دابەش کرد. حەسارە گەورەکەی قوتابخانە لە سێ لاوە خانووی چەند نهۆمی تێدا بوو. یەک بە دوای یەکدا ریزیان کردین. منیش هەر سەیری ئەو نهۆمە بەزرانەم دەکرد وا باڵکۆنەکانیان بە دار ساز کردبوون. ژنەکە وتی:

«ئێره ماڵی تازەی ئێوەیە. دایک و بابەکانیش هەر لێرەن. ئێره جێگای هەموو شتێکە، زانست، دین، بڕوا. ئیتر فرمێسکەکنتان بسڕنەوە، تامەزرۆی ژیان بن و بەروەپیری بچن»

لە بەرامبەر راستییەکاندا بە چۆکدا هاتین هەر ئەو بە چۆکداهاتنەش بوو بە هۆی رازی بوونمان بۆ هەمیشە. بوونەوەرەکان هۆگری گیانلەبەرانی هاوچەشنی خۆیانن. هەر لەو چرکەساتەوە دڵم بۆ لای منداڵەکان دەیکورکاند. بۆم دەرکەوت ترس و دڵەڕاوکێی من لەخۆڕا بوو. قەت بیرم نەدەکردەوە قوتابخانە ئەوەندە جێگایەکی خۆش بێ. زۆرمان کایەی سەیر و خۆش کرد. جۆلانێ، خۆشارۆکێ، تۆپێن و بازەڵێن. لەسەر کەلاس مۆسیقا و یەکەمین شێعر و ئاوازی ژیانمان خوێندەوە. بۆ یەکەم جار لەگەڵ پیت و زمان ئاشنا بووین کورەی زەویمان چاوپێکەوت هەڵدەسووڕا و قاڕە و زۆربەی وڵاتانی دنیای نیشان دەداین. ژماردنی ۲/۱/یان فێر کردین. چیرۆکی دانەری عەرز و عاسمانیان بۆ خوێندینەوە، باسی هەر دوو دنیایان بۆ کردین. گوێمان گرت لە چەند ئایەتێکی خودایی. خواردنی بە تام و خۆشیان پێداین. سەرخەوێکمان شکاند و دیسان لە خەو هەستاین. ئەو جاریش دۆستایەتی گرتن و کایە و درێژەدان بە خوێندن. ئەو رچەیەی قەرار بوو بیگرینە بەر بۆمان دەرکەوت. هەر بەو جۆرەی بیرم لێدەکردەوە لێوڕێژ ببوو لە خۆشی. بەڵام کەند و کڵۆشی تێدا هەبوو. گێژەڵووکە و رەشەبای ژیانکوژ بەڕێوە بوو تاکوو بەهاری تەمەنمان لێس بدا. دەبوو زۆر وریا بین خێرا بەچۆکدا نەیەین. پێشکەوتن پێشبڕکێ بووە هۆی شەڕەدەندووکێ و دەنگ داگۆڕینمان. ئەو خانمەش سەرەڕای ئەو هەموو رووخۆشییەی



هەیبوو جار جاریش نێوچاوانی تێکدەنا و لێمان زیز دەبوو. جاری واش بوو حاکم دەستووری دارکاری دەکردین.

بێجگە لەوانەش تازە کار لە کار ترازابوو، نەدەکرا بیر و عەقیدەت بگۆڕی. رێگای گەڕانەوەش بۆ ماڵێ بۆ ئەو بەهەشتە گیرابوو. تەنیا ئەوەی لە پێشماندا بوو حەول و تێکۆشان بوو ئەوانەی لە توانایاندا هەبوو لە نێو ئەو هەموو گیر و گرفتەدا کەڵکیان لە فرسەت وەردەگرت و حەولی سەرکەوتنیان دەدا. زڕەی زەنگ بەرز بۆوە و رایانگەیاند کات و ساتی خوێندن و کارەکان دوایی هات. منداڵەکان روو بە درگای حەساری کە کرابۆوە خێزەرەیان کرد. ماڵاواییم لە دۆستەکانم کرد و لە درگای حەساری هاتمە دەرێ. چاوم بە دەوروبەری خۆمدا گێڕا هەرچەند قەرار بوو بابم بێ بە شوێنمدا بەڵام دیار نەبوو.

لە کەنارێکەوە راوەستام و چاوەڕوان مامەوە. ماوەیەکی زۆر کاتم بە فیڕۆ چوو، گوتم وا باشە بەرەو ماڵ ببمەوە چاکە. چەند شەقاوێک دوور نەکەوتبوومەوە تووشی پیاوێکی گەڕاوە هاتم خێرا ناسیمەوە بە پێکەنینەوە بەرەوپیرم هات دەستی لە نێو دەستم نا و گوتی: «زۆر لە مێژە یەکمان نەدیوە چۆنی؟» سەرێکم بۆ لەقاند و لە وەڵامدا گوتم:«تۆ باشی؟» دیسان دەستی لەگەڵ لێکدامەوە و بەجێیهێشتم. چەند هەنگاو رۆیشتمە پێشەوە کەچی لە پڕ بووم بە داهۆڵ یا رەبەنا! ئەو شەقامەی پڕ بوو لە داری پەڵک و چنار چی بە سەر هاتووە؟ ئەو هەموو ماشێنە لە کوێوە هاتوون، ئەو گشتە خەڵکە دەڵێی داباریوە، ئەو هەموو زبڵ و زاڵە کەی لێرە هەڵدرابۆوە؟ ئەو هەموو زەوی و گەنمجاڕە چی لێهاتووە. هەتا چاو هەتەری دەکرد باڵەخانە و بنیادەمی ورد و درشت دەنگ و هەرا پیاوی کاس دەکرد.

لەهەر قوژبن و کەنارێک سێحربازەکان ماریان لە قرتاڵە و زەمبیلەکانیان دەهێنا دەرێ، زۆری پێنەچوو دەستەیەکی گەورە پەیدا بوو. (تەڵخەک و تەنافبازەکان) لە پێش دەستەوە دەڕۆیشتن بەرنامەی کارەکانیان رادەگەیاند. دەنگ و هەرای (ئاژیر) ی ماشێنی ئاورکوژێنەوە دەهات مەعلووم نەبوو چۆن بەنێو ئەو هەموو مەخلووقەدا رێگای خۆی دەکاتەوە چۆن دەگاتە شوێنی مەبەست. شۆفێری تاکسییەک لەگەڵ موسافیرەکەی بە کێشە هاتبوو کەس نەدەچوو نێوبژییان بکا. سەرم لە گێژەوە دەهات. لەوانەبوو بدەمە کێوان. سەیر بوو چۆن لەم چەند کاتژمێرەدا ئەو هەموو شتە روویداوە. بە دانێک؟ وەڵامی ئەو پرسیارەم لە ماڵێ لە بابم وەردەگرت. بەڵام ماڵم لە کوێ بوو؟ تەنیا خانووی بڵند و خەڵکێکی زۆرم چاو پێدەکەوت. بە پەلە خۆم گەیاندە سەر چوارڕێیانەکە. رێگای ماڵمان بەوێدا بوو. ماشێنی ئاورکووژێنەوە دەیزیڕاند، دڕی بە حەشامات دەدا. بەخۆم گوت:«لێیگەڕێ با بە کەیفی خۆی ئاور وڵات بسووتێنێ» یەکجار زۆر تووڕە بووم نەمدەزانی کەی دەتوانم لە چوارڕێیانەکە دەپەڕێمەوە. قەندەکێشێک پێچوو هەتا شاگردی دووکانێکی کۆنەشۆری لە قولینچکێکی چوارڕێیەکەوە هات بۆلام. دەستی بۆ راداشتم. بە ئەدەبەوە گوتی:«باپیرە، ئیزنم بدە بتانبەمە ئەوبەری شەقامەکە».



## پشیلەی تام کۆنۆر

ست جان اروین

کاکی خۆت بۆت بگێڕێتەوە، لەوێ دەور و زەمانێدا کابرایەک هەبوو، رەنگبێ نێوبانگیشت بیستبێ، پێیان دەکوت تام کۆنۆر. تام پشیلەیەکی هەبوو بەتەنێ بەقەت دە، دوازدە تەڵە بە کار بوو. تام زۆری شایی پێبوو. ناحەقیشی نەبوو، ئەو پشیلەیە سەد کاوڕە مێوی دەهێنا، خۆ ئەگەر ئەوەندە باش نەبووبا مشک ربەیەک گنمەشامییان بۆ نەدەهێشتەوە. دەزانی چییە، تام لەو عەلافە دەوڵەمەندانە بوو خەریکی کڕین و فرۆشتنی گەنمەشامی بوو. چۆکی لەسەر سینگی بازاڕ دانابوو، بە کەیفی خۆی بازاڕی هەڵدەسووڕاند نرخی گەنمەشامی دەبردە سەرێ و دایدەبەزاند هەر ئەوەندەی دە، دوازدە جەواڵی گەنمەشامی دەفرۆشت یان عەمباری دەکرد دەستی خۆی رەپێش دەخست. هەوساری بازاڕ لە دەستی خۆیدا بوو. ساڵێکیان قاتی و قڕی پەیدا بوو، تام لە ترسی ئەوەی نەکا لە برسا مردووەکان فکری خراپ لە سەریان بدا، بە تەمای عەمبارەکانی بن، هەر بە

راستی دەیویست داوا لە دەوڵەت بکا لە نێو ئەرتەشدا بە رەسمی وەریبگیرێ.

کابرایەکی (لە قاتی پەیدا بوو) ، کە گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو، گوتی:«حەی برۆ حەی لەو ترەهاتە، جا بۆ شتی وا دەبێ. هەی عەمری ئەو دەوڵەتە نەمێنێ. وا بە سێ،چوار تەلیس دانەویڵەوە دەوڵەتە، عەجەب قسەیەکی قۆڕە!

مۆرفی وتی:«دەزانی چی کاکی برا، ئەگەر باوەڕت بە قسەکانم نەبێ، ناشتوانم کارێکت بۆ جێبەجێ بکەم، عەمر و چاوم، بە بێ درۆ و دەلەسە راستت پێدەڵێم، بەڵام تکات لێدەکەم لێمگەڕێ با قسەکانم بکەم لە دەمم مەدە، رەنگبێ باوەڕت بە قسەکانم نەبێ، تۆ لێمگەڕێ با هەرچی هەیە رێک و راست بیگێڕمەوە و ئەو جاریش دەزانی ئەو حەقایەتە هەڵگری ئەوەیە گوێی بۆ رادێری. بێجگە لەوەش، لە بیرت بێ کاکی من ئەتۆ لێرە غەریبی نازانی دنیا چ باسە! لێرە شتی سەیر و سەمەرە روودەدا، هەر لە فیزیک و مێتافیزیکەوە بگرە هەتا شتی زۆر سەیرتر کۆڵێک بیر و باوەڕ و فکر و خەیاڵ کار دەکاتە سەر شانس و بەختی کابرای لادێیی»

پیاوەکە هیچ لەو پیت و وشە ئالۆزانەی ئاخری تێنەگەیشت، مۆرفیش هەر وا بەڵام هەر چۆنێک بوو ئەو بەو قسە قۆڕانەی کابرای دەمکوت کرد. ئەوجار درێژەی دا بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە: کاکی برا، دەزانی چی، ئەو پشیلەیە ئەوەندە لە ماڵدا بەکار دەهات کە تام سوێندی دەخوارد ئەو پشیلەیە هەر دەڵێی عینسانە، تەنیا نەیدەتوانی قسە بکا، بە جۆرێک لە پیاوی دەڕوانی هەر مەپرسە، تام دەیوت: لێم روونە؟ لە مەبەستی قسەکانم تێدەگا. بەیانیان دەهاتە سەر سفرەی نان خواردن لە پەنای تام دادەنیشت و یەکجار بە



نەرمی کلکی بە رانی ئەودا دەهێنا، زۆر زەریف، یانی جوانتر لەو قسانەی لە کتێباندا دەینووسن. پێت وابوو کە دەڵێ: «تام کۆنور نەختێکم شیر پێبدە. وەختێک شیرەکەی دەچەڵەپاندەوە باوەڕت نەدەکرد. هیچ ئینسانێک ئەوەندە پێزان بێ، رۆژێک هەوەڵی بەیانی تام دەیهەوێ بچێ بۆ بازاڕی شار بەڵێن بە ژنەکەی دەدا ئەگەر گەنمەشامیەکانی فرۆشت هەر بەو پووڵە کەوش و پێڵاو بۆ منداڵەکان بکڕێ. جا ئیدی خۆ دیارە بەر لەوەی دابنیشێ و نانی بەیانی بخوا ئەندازەی لاقی منداڵەکانی دەگرێ بۆ ئەو کارەش قەڵەمەیەک دەهێنێ بە ئەندازەی هەر یەک لە لاقی منداڵەکان لەلەی دەکا، خێزانی تام ئەوەندەی رست: تۆ خودا و پێغەمبەر جوان ئەندازەی لاقی بێلی ژیکەڵە بگرە هەتاکوو چەقۆ لە دەستی دەرچوو و لاقی ئەو منداڵەی کۆڵەوار کرد. ئیتر ئەوە وای لێکرد چەقە و هەرا ساز ببێ. جا ئەوەبوو تام بە تاقی تەنیا نان و چای بەیانی خوارد. خێزانیشی خەریکی ژیر کردنەوەی بێل بوو. یانی گەرەکی بوو قامکی لاقی بێل دەرمان بکا. دەزانی چییە کاکی خۆم وەختێکی تام دەیویست ئەندازەی لاقی منداڵەکانی بگرێ پشیلەکە هەر بەو خووەی کە هەیبوو، زیت زیت چاوی لە چاوی دەبڕی، هەر ئەوەندەی تام دانیشتە سەر سفرەی بەیانی پشیلەکە توندتر کلکی هێنا بە رانی تامدا. ئەویش شەشدانگ لە بیری ئەوەدا بوو ئەگەر گەنمەشامییەکانی بفرۆشێ چەندەی پووڵ وەدەست دەکەوێ. لەولاشەوە دەتکوت دوو مێشی لە کونێکدا دێتۆتەوە، بۆچی؟ چونکە لاقی منداڵەکەی بریندار کردبوو لە دەست کەوش کڕینی ئەو نەجاتی هاتبوو. هەر بۆیە فکری لە لای پشیلە بۆر نەمابوو، هەتا ئەوەی پشیلەکە رقی هەستا و خوێن بەری چاوی گرت، مڕاندی و بە هەموو قەوەتی خۆی پێست و

گۆشتی تامی هەناسەساردی داڕنی. تام هاواری لێهەستا، پڕیکرد بە جێگا رووشاوەکەدا، گوتی:«چنگ و پلم دەڕنی سەگباب خێو! هەر ئێستا کا لە کەوڵت دەئاخنم تۆ راوەستە! مەگەر دەستم پێت نەگا، لە بنەوپاڵەوە دانەیەکی تێسرەواند. پشیلە بۆر ئەوەندە بە خێسەوە سەیری دەکرد، دەتکوت جنێوی دەداتێ، چاوەکانی هەر وەکوو چرای فایتوونەکەی دایرەی پۆست لە نێو تەم و مژدا بریقەی دەهات. جا خاڵی خۆت بۆت بگێڕێتەوە، پشیلەکە ئەوەندە سەیر بوو گوتی:«میاو میاو» بە جۆرێک سەیری تامی کرد مچوڕک بە تەپڵی سەری داهات و لەبەری پێی دەرچوو. زۆر بە هەڕەشەوە کوتی:«هۆی تام کۆنۆر» تام لە ترسان مووی بەدەنی بوون بە نەشتەر، لەوانەبوو زەندەقی بچێ، پشیلە و قسە کردن؟ بە شڵەژاویەوە سەیری پشیلەکەی دەکرد. پشیلەکەش بە بۆڵەیەکەوە گوتی:«هۆی تام کۆنۆرا!» تام گوتی:«خودایە هاوار! خۆ بە راستی قسان دەکا! دیسان پشیلەکە میاواندییەوە و گوتی:«هۆی لەگەڵ تۆمە تام کۆنۆرا!»

تام گوتی:«بەڵێ خاتوون!»

پشیلە بۆر گوتی:«تۆزێک لێم نزیک ببەوە، دەمەوێ شتێک بە گوێتدا بچرپێنم» لە جێی خۆی قیت بۆوە بە دەستی ئاماژەی بۆ کرد و بە جۆرێک چاوی لێدادەگرت و بە چەشنێک سەری راگرتبوو، دەتگوت حاجی تاغیە و دەستوور بە نۆکەرەکەی دەدا، گوتی:«وەرە دەرێ کاری تایبەتیم پێتە» تامی قوڕ بەسەر ئەوەندە پەشۆکابوو هەرپەی لێبوو بە جرپە. بە شوێن پشیلەکەدا رۆیشت. پشیلە بۆر چووە دەرێ و لە ژێر سێبەری سەرگێری ئەسپەکان لە پشت خانووەکەی تام رۆنیشت. هەر ئەوەندەی تام لە قەراخ سەرگێڕەکە



وەدەر کەوت پشیلەکە دەستی خستە سەر لێوی وەک ئەوەی بیهەوێ بڵێ:«تام، وریا بە کەس نەزانێ»

تامی چارەڕەش لە ئەلف نەدەهاتە بێ، راست چوو لەبەر دەم پشیلەکەدا راوەستا، ئەویش گوتی:«تام، من زۆرت حورمەت دەگرم. شتێک هەیە دەبێ پێت بڵێم. ئەو جۆرەی تۆ دەتەوێ برۆی دەزانی لە لای دەر و جیران ئابڕووت دەچی؟ من خۆشم دەوێی، بۆیە ئەوەت پێدەڵێم.»

تام پێی گوت:«نۆ،کەرتم، خاتوون»

پشیلە بۆر وتی:«تۆ دەتەوێ بچی بۆ شار کەوش بۆ منداڵەکانت بکڕی. پیاوی چاک ئەی منت بۆچی لە بیر چۆوە؟»

تام وتی:«مەگەر تۆش کەوشت دەوێ؟!»

پشیلەکە گوتی:«ئەی بۆچی نامهەوێ، جیرانەکان پێمدەڵێن زۆر سەیرە ئەو پیاوە باشە چۆن ویژدانی قەبووڵ دەکا پشیلەکەی بە پێخاوسی بێت و بچێ»

تام گوتی:«ئاخر هەتا ئێستا، کێ دیتوویەتی پشیلە کەوش لە پێبکا؟»

پشیلە بۆر گوتی:«تۆ نەتدیتووە، بۆچی؟» دوایی سەری هەڵێنا و گوتی:«مەگین کەوش بۆ، ئەسپ ناکڕن؟ جا بۆ من چیم لە ئەسپ کەمترە، ئەو جاریش دەست و پێی من زۆر لە دەست و پێی ئەسپ زەریفترە». تام لەبەر خۆیەوە گوتی:«بەڵا لەو تەرح و دیدارەت بدا»، چاو چاو هەر دەڵێی ژنە حیزە قسان دەکا، چە ندەی شایی بە قاچ و قولیەتی»

گوێی دەزرینگایەوە، بەڵام، دەزانی چی کاکی خۆم کابرا وەڕووی خۆی نەهێنا. هەر بۆیە ملی نا لە چەلەحانی لەگەڵ پشیلەکە، تام پێی

وت:«خاتوون فەرمایشەکەت زۆر جوانە، ئەسپ کەوش لە پێدەکا. بەڵام دەزانی چییە ئەسپ مافی خۆیەتی. خاتوون ئەو بەستەزمانە مەجبوورە، ئەو هەموو ڕێگا تەقتەقانە و هەوراز و نشێوی دەبڕێ»

پشیلە بۆر نەختێک مەحتەل ما، گوتی:

تۆ نازانی ئەو لاق و قولەی من بۆتە کۆتەی کوتراو». تام گوتی:«فەرمایشەکەت جوانە، خاتوون، بەڵام چۆناوچۆن پێڵاوت لە پێبکەم؟» پشیلەکە گوتی:«ئەتۆ خەمی ئەوەی مەخۆ، ئەو کارە بەخۆم بسپێرە»

تام زەردەیەک گرتی و گوتی:«پشی خانم، هەتا ئێستا کەسێک قاپووڕی گوێزی لە پێکردووی؟» پشیلە بۆر نێوچاوانی تێکنا و بە تووڕەییەوە گوتی:«ئاگات لە دەمت بێ تام کۆنۆر». تام وتی:«زۆر باشە داوای لێبوردنت لێدەکەم، چاوە راستەکەم، بەڵام کە تۆ دەڵێی ئەسپ کەوشی لە پێدەکەن، خۆت باش دەزانی ئەو بە بزمارەوە ناڵەکەی لە سمی قایم دەکرێ، ئەتۆ، چی لێبکەم؟ کەوش چۆن بە پێی تۆوە گیر دەبێ؟»

پشیلە بۆر لەوانە بوو فجەجە بکا، گوتی:«گەمژەی زەبەلاح! بزمارم بۆچییە؟ ئەم نینۆخە درێژانەم بکەم بە چاوتدا» چرنۆکێکی بە تام داهێنا، ژان بە دڵی گەیشت. تام گوتی:

«وەی هاوار پیاو کوژا!»

پشیلەکە گوتی:«بەسیەتی شێر و ڕێویم بو مەهێنەوە جەنابی کۆنۆر» تام گوتی:«قوڕی دنیام بەسەر! پووڵی کەوشی ئێوە لە کوێ بێنم. خۆ، یا رەبی بەرەکەت نەکەن لە ساڵێدا سێچوار جار، هەر جارەی شەش حەوتێکی وەکوو خۆتان هەڵدەرێژن جا ئەو کەرەتەی وەرە ئەو کەرەی لە قوڕاوێ دەرهێنە، هەر پشیلەیەکوو دوو جووت



کەوش ئیتر ئەوەی هەمە دەبێ بیدەم بە کەوش و کڵاش بۆ ئێوە، دەی چۆن وەرهەم هەڵنەهێنم»

پشیلەکە گوتی:«بەسیەتی بیبڕەوە، زووبە لە شوێنێکی خراپ راوەستاوین پێمان بزانن حەیامان دەچێ. ئاخر ژنەکەت زۆر حەیا بە خۆیە تام»

تام بزەیەکی گەوجانە نیشتە سەر لێوی و گوتی:«وەباڵ بە ئەستۆم، لەوەتای تۆ بووی ئەو قسەیەت راست بووە. پشیلە بۆر گوتی:«ئەو ژنەتیوەت دەڵێی مێشکی کەری خواردووە، هیچ، سوێندی کەسیشم لەسەر نییە خودا لە تۆی دزێوتر لە دنیادا دروست نەکردووە.» پشیلەکە وەختێ قسەکانی تەواو بوو، لە پڕ ون بوو، تام وەک شێتان چاوی بۆ دەگێڕا. لە لای ژن و منداڵەکانیش باسی هیچی نەکرد، لەوە دەترسا دڵیان لەخۆ ببێتەوە بە درۆ پێی وتن:«دەمەوێ بچم بۆ شاری چونکە دەیزانی پشیلەکە لە کەل و کونی سەرگێڕەکەوە بۆی دەڕوانی. بەڵام وەختێک گەیشتە ئەوسەری ڕێگاکە بەجێی ئەوە بچێ بۆ بازاڕ وتی:«بە جار و بە جەحەندەم!» خوارەی دایە و یەکسەر چوو بۆ لای قازییەک بە ناوی (سکوار بازروم) دەیویست شکایەت لە پشیلەکە بکات.

پیرەمێردێکی ڕێوەڵە لەو وەختەوە بە تامەزرۆییەوە گوێی بۆ قسەکانی مۆرفی ڕاگرتبوو، قسەکەی پێبڕی و گۆتی:«تەح، ماڵتە چەندە چەقەی دەکەی!» لەو لاشەوە خەڵکێکی نەکەم، گوێیان بۆ قسە قۆڕەکانی مورفی ڕادێرابوو، کەچی هەر ئەوانەش بە وتەکەی پیرەمێرد کەیفیان ساز دەبوو.

جەنابی ویکنیز ڕووی کردە پیاوە پیرەکە و گوتی:«کا گنیز باز مەدە نێو فەرمایشەکانی خاڵە مورفییەوە» کا گینیز لەوڵامیدا گوتی:

«ئێوه بەو تورەهاتەی مورفی چۆن مێشکی سەرتان ناچێ؟! لە پشیلەو شکایەت کردن! دنیا ئاخر بوونە!» مورفی وتي«کاکی خۆم باش وایە گوێت بکەیتەوە، ئەوە حیکایەتێکە و سەر تاسەری ئەم وڵاتە پڕە لە سێحر و جادوو.» بەڵێ عەرزم دەکردن، تام دەیویست لەدەست پشیلەکەی شکایەت بکا. کا گنیز نەبێ هەموویان هاواریان کرد:«دەی باشە حیکایەتەکەمان بۆ بگێڕەوە».

قازی داوای لە تام کرد هەر چییەکی ئەو بەیانییە بە چاو دیویەتی و بە گوێی بیستوویەتی بۆیان باس بکا. تام لەلایەک بیری لەلای گەنمەشامییەکەی بوو، لە لایەکیش لە فکری پشیلەکەدا بوو، لەو لاشەوە قامکی برینداری منداڵەکەی وەبیر هاتبۆوە، قسەکەی تێکەڵ، پێکەڵ گێڕایەوە.

قازی پێیوت: «لە هەوەڵەوە بیگێڕەوە» تام وتی: «عەرز بێ لە خزمەتی گەورەی خۆمدا ئەو بەیانییە وەختێک دەمهەویست بچم بۆ بازاڕێ بۆ ئەوەی گەنمەشامییەکانی منداڵەکەم بفرۆشم، بمبوورە قامکەکانی لاقم، بەڕێز» قازی وتی: «قامکەکانی لاقت بفرۆشێ؟»

«نا، گەورەم، پشیلەکە ببەم بۆبازاڕ، عەرزم دەکردن»

قازی وتی: «پشیلە بەریە بازاری! کابرا هۆشت لە کوێیە؟ خواردووتەوە؟» تام وتی :«نەخێر گەورەم، ڕاستییەکەی هێندێ سەرم لێشێواوە. چونکێ وەختێکی قامکی لاقەکان، بمبوورە پشیلەبۆر دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵم، ئەوەبوو لە دین چوومە دەرێ».

قازی وتی: «پشیلەکە قسەی لەگەڵ ئێوە کرد؟! هەی بە لاقی خێوی سەد شوکر بە وردەفەرمایشەکانی پێشووت تام، وادیارە شەشدانگ مەستی»

«نا، گەورەم، ئەمن هاتووم لەدەست پشیلەکەم شکایەت بکەم...»



«بەڵام من وای تێدەگەم هاتووی لە دەست ئەو نیوەشووشە ویسکییەی خواردووتەوە شکایەت بکەي...» تام گوتی: «بەرێز، وەڵا و بیلا، تەنیا بەخاتری پشیلەکە هاتووم.»

تام هەرچی هەبوو لەسیر هەتا پیازبۆ قازی گێڕاوە. قازی ئەوەندەی پێسەیێر بوو هەر چاک بوو لەکەللەی نەدا. هەر لەو حەیس و بەیسەدا بوون کە ئۆسقۆف وقەشەی هەرێمەکەش هاتنەژوورێ و ئەوانیش قسەکانی تامیان بیست، ئۆسقۆف و قەشەکەش دوو کاتژمێران بە گەرمی لەسەر ئەو مەبەستە دووان. ئۆسقۆف بە سوێندانەوە ڕەش دەبۆوە کە ئەو پشیلەیە سێحربازە، بەڵام قەشەکە بەو قسانە مەرزەم نەدەبوو، دەیکوت سێحریان لە پشیلە کردووە، تەواو بوو بڕایەوە، بە ناچار پەنایان بردە لای سەرئۆسقۆف ئاخریش ئەو باسەیان گەیاندە ئەنجومەنی پەنامەکی کلیسای ڕۆم بەڵام بەرێز پاپ ڕایگەیاند نایانهەوێ خۆیان بە کاروباری مڕنیا ومڕنیاوی پشیلەکانەوە ماندوو بکەن چونکە ئەوان ئەوندە بێکار نین.»

قازی پرسی:«چارەمان چییە، چی بکەین لەو پشیلەیە؟

ئۆسقۆف وتی :«ئاوری تێبەردن! ئەوە سێحربازە» قەشەکەش، دەیگوت:«سێحریان لێکردووە، دادگای ئایینی باوەڕی وایە کە»

قازی گوتی:«گەورەم، دادگای ئایینی بەجێی خۆی! تەنیا یاسای داتاشراوم پەسندە ئەوەی گوت و چوو ئەو پەڕتووکانەی لەمەڕ یاساوە ڕێسرابوون هێنای، گورجێک لەبەر دەمی دانیان، پێدا ڕۆیشت یاسای وڵاتی سەرلەبەر شیکردەوە، لە دەورانی ئێلیزابت ڕا تا ئێستا، لە ئیرلەند قانوون بۆ هەمووشت دامەزراوە تەنیا بۆ پشیلەی هەش بەسەر نەبی! بۆی ڕوون بۆوە هیچ شتێک لەو یاسا داتاشراوەدا بێبەش نییە.

هەی قرتان تێکەوێ، پشیلەکان چۆن ئێوەیان لەبیر نەبووە. قازی گوتی: «ئەڵبەتە قانوونێک هەیە بۆ غەوارەکان، لەوە دەچێ ئەو پشیلەیە سیخۆری فەڕانسەکان بێت. خۆی گۆڕیوە»

تام وتی: «بڕوات هەبێ وەکوو سیخۆرە فەرانسەوییەکان قسان دەکا.لەبیرمە چوارشەممۆیان خۆی ون دەکرد و دەچوو بەلای کاری سیخۆرییەوە»

قازی گوتی: «شتێکی سەیر نییە. بەڵام ئەستەمە بتوانن دەلیلێک بۆ ئەو بەزمە وەدەست بهێنن. بیرێکی تازەم بەمێشکدا هات» تام وتی: «دەی باشتر، چاوی من، ئەگەر بیری تازەتان هەیە خێرا کەڵکی لێوەربگرن، نەکوو لەو هەوا ناخۆشەدا کەڕوو هەڵبێنێ»

قازی گوتی: «فەرمایشێکی بێتامە، پشیلەکەش دەخەینە نێو مەنگەنەی قانوونەوە، ئەو وەختە بەتەڵەیەوە دەکەین» تام وتی: «ئەی نەمری بۆ قسەت! هەر بژی! وەک کوڕان گوێی دەبڕین» قازی گوتی: «سبەی بەیانی لە چوارڕێیانەکە چاوەڕێتم. یەک دوو تاژی لەگەڵ خۆمدا دەهێنم»

سەرتان نەهێشێنم، تام گەڕایەوە بۆ ماڵی. زۆری بۆ مێشکی خۆی هێنا چدرۆیەک هەڵبەستێ چۆن بوو کەوشی بۆ پشیلەکە نەکڕیوە کەچی چەندسەد گەزێکی مابوو بگاتەوە درگای ماڵێ چاوی بە پشیلەکە کەوت، بە هەڵەداوان بەرەوپیری دێت، بیرێک بە مێشکیدا هات، پشیلە بۆر وتی: «کوانێ کەوشی من؟»

تام وتی: «خانمەکەم ئەورۆکە جارێ نەمکڕیوە.»

پشیلەکە گوتی تام پێتوایە پیاویش قەول بەدرۆزن دەردەچێ؟ دەزانی چۆنە تام، جوان چاو و گوێت بکەوە بزانە دەڵێم چی. ئەگەر بێت و کەوشم بۆ نەکڕی چاوی منداڵەکانت قەلپووچ دەکەم»



تام لە تاوی منداڵەکانی کێچ کەوتە کە وڵی وەختبوو دڵی بتۆقێ، گوتی: «ئەی داد و بێداد پشەگیان نەختێک پشووت لەسەرەخۆ بێت، پینەچیەکە وتی: تەنیا لینگێکم کەوش لە دووکانێدا نەماوە ، بێجگە لەوەش قالبی لاقی تۆی لەلا نەبوو. دەیگوت دەبێ بتبەم بۆ شاری لەوێ ئەندازەی لاقت بگرێ.»

خوێن بەری چاوی پشیلە بۆری گرتبوو، گوتی: دەی باشە کەی بچین؟ «تام وتی بەیانی» پشیلەکە وتی: «چاک بوو ئەوەت گوت، دەنا ئەو شەو ژن و منداڵەکانت بە گردەنشنی دەدیت.»

ئەوەی گوت و بە پشمەپشم دوور کەوتەوە. تام ئەوەندە ترسابوو لەوانەبوو زەندەقی بچێ. پشیلە کە بەسەر دیواری سەر گێرەکەوە بە دەنگێکی ناخۆش گوتی: «ئەوەی پێم وتی لە بیرت نەچێ!» تام گوتی: «دڵنیا بە، بەسەر هەردووک چاوم.»

جا برای خۆت بۆت وەگێرێ. پشیلەکە ڕۆژێک تلووحی بەیانی لەخەو ڕاست بۆوە، ملی نا لە دەموچاو شوشتن. خۆی ڕێکو پێک کرد. مەحتەلی ئەوە بوو تام بچێ بۆ شار، تام تەلیسێکی بەتاڵی نابووە بن پیلی و لە ماڵێ وەدەر کەوت پشیلە بۆر کەوتە شوێنێ. تام زارکی تەلیسەکەی کردەوە و گوتی: «وەرە بچۆ نێو ئەو تەلیسەوە، دەتبەم بۆ شاری»

پشیلەکە کوتی: پێویستی نییە بە لاقی خۆم دێم تام وتی: قەزات لە گیانم شتی وا نابێ خەڵکی شار زۆر بە ئیرادن هەر ئەوەندەی بزانن پشیلەم بەدواوەیە لاتاو و تەشەر و توانجی وام پێدا دەدەن، لەنێو خەڵکیدا سەرم هەڵنایەت. سەگ بۆ ئەملا و ئەلا بردن بۆتە مۆد بەڵام پشیلە، نا»

پشیلەکە وەختێ زانی دەمە بەدەمە بێفایدەیە ناچار خۆی کرد بە درگای تەلیسەکەدا، تام دەست وبرد زارکی تەلیسەکەی بەست و دای بە کۆڵیدا، ڕووی کردە چوارڕێیانەکە. وەک بڵێن شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو! گەیشتە ئەو شوێنەی قازی و ڕاوچییەکان بە چەند تاجی و تولەوە لەگەڵ چەند کەسێکدا چاوەڕوان بوون، قازی لەپڕ لەبەر دەم تامدا، قوت بۆوە.گوتی: «ماندوو نەبی تام»

تام وتی: «قوربانت بم، ئێوە ماندوو نەبن»

قازی وتی: «ئەو تەلیسە چیە لە کۆڵت ناوە؟»

تام وتی: «هیچ نییە قازی گیان» بەڵام لەبنەوە بەچاو حاڵی کرد کە پشیلەکەی بە ساغ و سلامەتی هێناوە. قازی وتی: «کلاوم ناچێتە سەر، ئەو تەلیسە خاڵی نییە دەبێ نیشانم بدەی» پشیلەکە بەسرتەوە وتی:«هۆی تام کۆنۆر، بێتوو ڕاستی منی پێبڵێی هەتا مردن قسەت لەگەڵ ناکەم»

تام گوتی: «نەبەگیانی خۆم. دەنگ ناکەم. تۆ دڵنیا بە»

بەڵام چاوی داگرت و قامکی بۆ تەلیسەکە ڕاداشت. گوتی: «هیچی تێدا نییە»

قازی گوتی: «بەسیەتی تاقەتی شێر وڕێوی هێنانەوەم نیە، خێرابە بزانم چیت لەم تەلیسەدا حەشار داوە»

تام بە دەلەسە ڕووی لە قازی وەرگێرا، گوتی: «قازی گیان لە تۆ وایە درۆتان عەرز دەکەم؟»

پشیلە بۆر لەنێو تەلیسەکەوە گوتی: «تام بەو سەرە شیرینەت پێی بڵێی لەو تەلیسەدایە ونجرونجرت دەکەم»

قازی گوتی: «ئەی ئەگەر درۆ ناکەی، بۆچی ئەژنۆت دەلەرزێ. دەبێ بزانم تەلیسەکەت چی تێدایە»



دەستی درێژ کرد تەلیسەکەی لێ بستێنێ، تام بە ئەنقەست بە گژیدا چوو، بەڵام عەمر و چاوی من یەک دوو دەقیقەی پێنەچوو پشیلەکەیان لە تەلیسەکە هێنا دەرێ، کلکی بەقەت گەسکێک دەبوو. خۆلاسەی قسە سەرت نەهێشێنم قازی یەک بە خۆی گوراندی و دەستەکانی لەیەک دا، تاژی و تولەی تێبەردا، ئەو ڕۆژە بوو بە ڕاوڕاوێنێک، سەیری ئەوەندە خۆش تا ئەمڕۆ کەس نەیدیبوو. پشیلەکە خۆی گەیاندە زەلکاوێک لە قەراغ شار، سوارەکان وەختێک نزیک بوونەوە لەجێی خۆیان ڕاوەستان، تەنیا ڕاوچییەک نەبێ ئەویش لاقی ئەسپەکەی بە زەلکاوەکەدا نەدەچووە خوارێ. جەنابی قەشە بەیارمەتی شاراوەی (غیبی) دەیتوانی ئەسپەکەی بەهەمو لایەکدا غار بدا. هەر ئەوە بوو ڕاوچییەکە و جەنابی قەشە کەیفیان بەو ڕاوە ساز بوو. ئەوان چاویان لێبوو، هەر کە پشیلەبۆر لە زەلکاو کە نزیک بۆوە، سەگێک لە پێش ئەوانی دیکەوە بوو زوو گەیشتە سەری قەپی کرد بە ڕانیدا پشیلەکەش خۆی ڕاپسکاند و وەپێش تاژییەکان کەوت ڕووی کردە چارداخێک لەنێو زەلکاو کە دا چاویان لێبوو لە دەلاقەکەوە خۆی بە دیوی ژووریدا کرد. سەگەل بەبێ مەحتەل بوون دەوری چارداخەکەیان دا، بەڵام بە چەشنێک قوڕاندیان لەونەبوو نێوکی پیاوی بخەن. ڕاوچییەکە دابەزی و چووە نێو چارداخەکەوە. بۆ ئەوەی پشیلە بۆر دەرپەڕێنێ، بەڵام چی دیبێ باشە؟ پیرێژنێکی دزێو، لە سووچێکدا لەنێو جێوبانەکەیدا ڕاکشابوو! ڕاوچییەکە لێی دەپرسی: «تۆ پشیلەیەکت» نەدی خۆی بکا بە ژووریدا؟!»

پیرێژنەکە بە دەنگێکی زیقنەوە دەڵێ: «پشیلە لێرە چی دەکا!»

سەگ وەڕ دەوری چارداخەکەیان دابوو. پیرێژنەکە گوتی: «ئەو سەگەلە لێرە دور بخەنەوە، ئەها، ها! مێشکی سەرم چوو!»

ڕاوچییەکە وەختێک لە پیرێژن ڕاما چاوی وەک چاوی پشیلە بۆر زیتەی دەهات. پەتووی لەسەر پیرێژن فڕێدا، گوتی: «دەی، دەی چاو و دڵم ڕوون!»

سەیری کرد ئەوا کەلەکەی پیرێژن خوێناوییە، ڕاوچی دەڵێ: ئەی سەگباب خێو! پێت وایە ناتناسمەوە شەیتانی نەحلەتی!»

گورچێک درگای کردەوە و سەگەل خۆیان بەژووریدا کرد. پیرێژن دووجار لەجێی خۆی هەڵبەزیەوە لەپێش چاویان بوو بە پشیلە، لە پەنجەرەکەوە هەلات بۆ دەرێ. بەلام نەیتوانی بەبێ ئارەقەی ڕزگاری بێت. لەچاو ترووکانێکدا سەگەل لەت و کوتیان کرد. بەلام برایان خۆشی چیرۆکە کە لەوە دایە، ئەو سەگە چارەڕەشانە تازە خۆ لەوەبەدواوە نەیاندەتوانی بێجگە لە مشک هیچی دیکە ڕاو بکەن.

* سەرچاوە: خندە ایرلندی، مترجم بۆ فارسی: محمد رمضانی، ناشر: عابد، سال چاپ: بهار ١٣٨٢



## مردوو ناشتن

چالز بوکفسکی

دەبوایە کاتژمێر دوو و نیو حەشامات لەبەر درگای ماڵی کیژۆڵە مردووەکەوە بەرەو گۆڕستان وەڕێ بکەون. بەلام خەڵکە ڕەشپۆشەکە زۆر زووتر لەوێ وەخڕ ببوون. ئەوان لەسەری کۆلانی حەساری کلیسا چاوەڕوان مابوونەوە. ماڵی کچۆڵەکە رووبەڕووی ئەو کۆلانە بوو. جا بۆیەش ئەگەر ئاپۆڕەکان لەوێوە وەڕێکەوتبان، هێندەی نەدەخایاند دەگەیشتە شوێنی مەبەست دەر و جیران هاوکات لەگەڵ خەڵکی شار و دێ لەگەڵ هەوارچیان و ماسیگرەکانی ئەو بەنداوەی کە کچەکە هێندێ لە خوارترەوە تێدا خنکا بوو. هەر تازەبارێک کە دەگەیشتێ یەکراست دەچووە لای ناسیاوی خۆی و پاش ئەوەی تۆزێک باسی ئەم رووداوە دڵتەزێنەیان دەکرد. هەر لە بیریان دەچۆوە بۆچی هاتوون. خێرا باسی گیروگرفتی شارۆچکەکەیان دەهێنا گۆڕێ.

(جان مووینی) لە رێگا کۆنەکەوە هاتبوو، هەرکە گەیشتە سەری کۆلانەکە، هەرای کرد جیمز ئۆهارا:«جیمز حاڵت خاسە؟

جیمز ئۆهارا پیاوێک بوو تیشکەلانە، سەر و سەکوتی هەر لە ڕێوی دەچوو، هەرکە گوێی لە دەنگی مووینی بوو ئاوڕی دایەوە و گوتی:«ئای، چۆن بم، شپرزە و بە سەر یەکدا رووخاو، ئەتۆ چۆنی؟»

«منیش خەراو نیم، ئێژم ئەم کەنیشکە هەناسەساردە ئای چەندە جێی داخە!»

«هەروایە بە خودای وەختێک منداڵێکی ئەوەندە بوو دەمناسی!» (دەستی هەتا سەر ئەژنۆی هێنا خوارێ) گوتی:«نازانی چەندە منداڵێکی زیت بوو! بەس بوو شتێکت پێوتبا، دەست بەجێ وەڵامی دەدایەوە و سەرت سوڕدەما!» لە وەختی قسە کردنا سەری قیت رادەگرت. جان مەک کلۆرگی لە دوورەوە دیت بۆ لای دەهات. وتی:«جان، تۆش لێرەی؟!»

مەک گلۆرک پیاوێک بوو سەر و چاو خڕ، چاو چکۆلە، دەم بە پێکەنین، دووکەڵ بە باقە لەسەری هەڵدەستا، لێیان نزیک بۆوە.

لە وەڵامی ئۆهارادا، گوتی:«ئەوە نییە دێم بۆ لاتان.»

مووینی گوتی:«لە حەفتە بازار دیتمت، کەچی تۆ هۆشت لە جێگایەکی تر بوو منت نەدی، گاگەلەکەت خاس فرۆشت یان نا؟»

«خەراب نەبوو لەوە دەچوو زیاتریشان پێدابام، بگرە کەمتریش!»

«گوێرەکەکەی هاوردبووت فرووشیا؟»

«نا، گوێلکی چاکە، خۆ پووڵی کیلۆیەک پیوازیان نەدەدامێ...»

ئۆهارا دەستێکی لەسەر شانی دانا و گوتی:

«کاکە پێموابێ تۆ هاتووی بۆ مردوو ناشتن، وانییە!»

جان مەک گلۆرک لەوبەری شەقامەکەوە چاوی بڕییە درگای ماڵی کیژۆڵە خنکاوەکە و گوتی:«وام بە چاک زانی بێم بۆ شار، لەو پرسەیەدا بەشدار بم، خوا بیبەخشێ!» (هاوکات، هەرسێک پیاوەکە لەگەڵ ئەو، کڵاوەکانیان لەسەر خۆیان داگرت)

جان پرسی:«کەی دەینێژن؟»



مووینی وتی:«قرار بووگە سەعات دوو و نیم بینێژن، وەلێ جارێ هەر خاوەخاویانە، قەرارە درووشکەی پۆست بێت و جەنازەکەی هەڵگرێ، ئەمیش جارێ نەگەیوەتە بلْفاست، جودا لەمانەش ئاشنا و دۆست لە (دەری) یەوە بێنە ئێرە نانی نیمەڕۆیان گەرەکە. بەم حیساوە تا سێی دوانیمەڕۆ ماتڵ دەبین!»

جیمز ئۆهارا گوتی:«راستیش دەکەی!» لە پاشان رووی کردە جان مەک کلۆرگ، پرسی:

«ئەو گوێلکە، پێموایە زۆرت گوتووە؟» مەک کلۆرگ، گەڵا توونتێکی خستە بەر ددانی، تۆزێک دواتر لە قونچکەکەی کردەوە و پاش نەختێک جاوین تفێکی زەردی فڕێدا سەر جەدوەلی قەراخ شەقامەکە، گوتی:«تۆ دەڵێی من گرانم وتووە؟ بەڵام من دەڵێم بەو پارەیە زۆریش هەرزانە!»

مووینی وتی:«پێش ئەوەی کەنیشکە بچێ بۆ سەر بەحری قسەی دەکرد و ئەکەنی! خودایە مردنی ئاوا بە قسمەت کەس نەکەی!»

«زۆر بە شوێن مەیتەکەدا گەڕان تا دیتیانەوە!»

«بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا»

جیمز ئۆهارا گوتی:«گوێلکەکە دەدەی بە پێنج پاوند و پێنج پنی؟»

«کەمێکی دیکە بۆم زیاد بکەی دەیدەم!»

مووینی وەک کەسێک بیەوێ قسەیەک دووپاتە بکاتەوە گوتی:«خنکاوەکەیان هەر لەو شوێنە دۆزییەوە، زووتر تێیکەوتبوو پیاو سەری سوڕ ئەمێنێ، ئەم بنیادەمە ئاوەکە بەملا و ئەولایدا ئەدا، کەچی دوایی هاوردوویەسەوە سەر جێگاکەی هەوەڵجاری!»

«بە سەری تۆ وایە»

«جۆن، هەر قسەی تۆیە!»

پیاوێک بە کۆتێکی فشەوە لە درگای ماڵی کچەکەی دا. ئەو پیاوەی لە تەنیشت مووینی راوەستابوو لەوی پرسی:«ئەو کابرایە کێیە ئەو تەپڵەیەی لەسەر ناوە و ئەو کۆتە شۆڕەی لەبەردایە، تۆ دەیناسی؟»

مووینی وەڵامی داوە:«ئەمە ئەوڵجارە دەیبینم. رەنگبێ خەڵکی ئەم ناوە نەبێ. جیمز تۆ نایناسی؟»

ئۆهارا وتی:«نا، نایناسم، لەوەدەچێ بە شەمەندەفەر هاتبێ. فایتوونی پۆست هاتووە جەنازەکە راگوێزێ، ئەوەتانێ (پتریک ماگراس) بە سواری فایتوونەکە گەیشتێ. مووینی درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:«سەیریش نییە تۆ راست بێژی، چاوت تێوەبوو لە رۆژنامەی (دری) دا سەبارەت بەو کەنیشکە چی نووسیابوو، ئەو ژنە جاهێڵە لە دایرەی پۆست کار دەکا خەوەرەکەی نووسیبوو!»

«هەروایە، منیش خوێندوومەتەوە. شتی سەیر و سەرسوڕهێنەری نووسیبوو، پیاو واقی وڕ دەمێنێ، بڕوام نەدەکرد. ئەو ژنە بتوانێ شتی وا بکات!»

«وا دیارە کاربەدەستی دەوڵەت بێ، بە تۆش وانییە؟»

لە رۆژنامەکەدا نووسیبووی ئەو کیژۆڵە جوانە بە راستی زیرەک و فامیدە بووە و هەر لە قوتابخانەی دری، کە باوکی ناردبووی، کۆڵێکی خەڵات وەرگرتبوو، خودا دەزانێ ئەو بابەی بۆ پێگەیاندنی چەندێکی پووڵ و پارە سەرف کردووە!»

«هەرواسە، بە گیانی تۆ داوای رۆحی بنیادەمی کردبا بۆیان پەیدا دەکرد. رۆژەڕەشی هەناسەسارد، ئای!»

«بەڵێ، ئەو رووداوە فێرمان دەکا دەرحەق بە منداڵەکانمان کەمتەرخەم نەبین و بیانعاملێنین!»



دوو لاوی کەڵەگەت، تاجە گوڵینەیەکی بە نرخیان بەدەستەوە بوو چوون لە دەرگاکەیان دا، بەبێ مەحتەل کردن فەرموویان کردن. جان مووینی گوتی:«ئێوە و خواتان سەیرێکی ئەم تاجە گوڵە بکەن. دەزانن چییە برای من، حەتمەن پووڵێکی خاسیان پێداوە، ها!»

«بەڵێ، ئەو تاجە گوڵە یەکیەتی لاوان ناردوویەتی، بەڵێن وابوو کچە لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی یەکیەتی لاوان زەماوەند بکات. یانی نەتبیستووە؟»

«نا، کوڕەکە کێ بوو، ها؟»

«وابزانم کوڕی (مەک کارکن) بووە!»

«ئەی لەم هەتیمە!»

«بەڵێ، کوڕە قوڕ کرا بە سەریدا!... جان مەک کلارک، گوێرەکەکەت بە شەش پاوند و دوو پنی دەفرۆشی؟»

«کاکی خۆم، ئەگەر پووڵێ چاکم بدەنێ ئەی بۆ نایفرۆشم!...»

جان مووینی وتی:«پیاگ خاس زۆرن تاجەگوڵ بنێرن!»

«بە راستی هەروایە. بەڵام کاکی خۆم، پیاو نابێ لە رۆژی ئاودا، سەر داخات و دەست قووچاو بێ، دڵاوا بە و خێرۆمەند!... پێم بڵێ بزانم جیمز، ئەتۆ حارزی شەش پاوند و دە پنی بێیە خوارێ؟»

ئۆهارا، کەمێک لە خەڵکەکە دوور کەوتەوە و ئەو تووتنەی خەریکی جووینی بوو تفی کردەوە، درێژەی بە قسەکانی دا:«دەزانی چۆنە، من دەمویست بزانم ئەگەر کەسێک کڕیار بوو، بەو پارەیە دەیفرۆشی یان نا، دەنا من پێنج پاوند زیاتر نادەم!»

ئەگەر وایە هەر بیریشی لێمەکەوە، بەو حیسێبە من و تۆ رێک ناکەوین؛ لە تۆ وایە ئەم گوێلکەم دیوەتەوە، هەروا بە هەرزان و تاڵان لە چنگمی دەربێنی، هەتا دەمری بەو هیوایە بە!»

ئۆهارا گوتی:«تەماشا ئەو گشتە خەڵکە لێرە وەخڕ بوون. رووی کردە حەشاماتەکە و گوتی:«ئەگەر ئەقڵم هەبێ ئەو هەزارە زیلەیە هاتوون هەتا لەگەڵ جەنازەکە بچن!»

«چاکی بۆ چووی، بەڵام من لەوە قەرەباڵغتریشم دیتووە، ئەو کاتەی دوکتۆر (کوچرین) مرد لە بیرتە؟ ئەو خەڵکەی لەبەر ئەو هاتبوون، بڕوام پێبکە ئەوەندە و نیوێکی ئێستای ئەو خەڵکە دەبوو!»

«بەڵێ هەروا بوو، دوو کیلۆمتر خەڵک راوەستابوون!»

درگای ماڵەکە کرایەوە چەند کەسێک چوونە ژوورێ، مووینی وتی:«هەر ئێستا ئەکەفنە رێ.»

«وا دیارە، خودا بیبەخشێ. تازە لەو دنیایە بەشی ئەو کیژۆڵە تەواو بوو. دەبێ لەورۆوە هەتا رۆژی قیامەت تەخت بخەوێ!»

«رەحمەت لە قەوری باوکت، بە خوا قسەی خاس بە ئەمە ئێژن!...»

درگاکە بە ئارامی کرایەوە چەند کەسێک تابووتێکی زەردیان لەسەر شان بوو هاتنە دەرێ، سێبەری بێدەنگی شەقامی شارۆچکەی داپۆشی. پیاوان بە نیشانەی رێز لێنان کڵاوەکانیان لەسەر خۆیان لابرد. ئەوانەی وا کاتۆلیک بوون دەستیان بە نیشانەی خاچ لە سەر سینگیان دانا. بۆ شادی رۆحی مردووەکە دۆعایان کرد. زۆربەی ژنەکانیش لەچکەکانیان بە بەر چاویانەوە گرت و ملیان نا لە گریان. تابووتەکەیان لە شەقامەکەوە هێنا و بە شانی کۆڵانەکەدا هەڵگەڕان. بەرەو گۆڕستان وەرێکەوتن، حەشامات بە نەرمی و لەسەرخۆ کەوتنە جووڵە زەنگی کلیسا لەسەرەخۆ دەنگی لێبەرز بۆوە، لە ماڵی کچە خنکاوەکە ژنێک بە بانگ و سەڵا دەگریا.



جیمز ئۆهارا هەر لەو کاتەدا کە جەنازەکە بە بەر دەمیاندا تێدەپەڕی گوتی:

«گوێلکەکەت بە شەش پاوند لێدەکڕم»

مەک کلۆرگ کە بە نیشانەی خاچ دەستی لەسەر سینگی دەدا، گوتی:

«خودا لێیخۆش بێ! بەخۆڕایی سەری خۆت مەهێشێتە، یەک قسە شەش پاوند و دە پنی»

«بە سەری تۆ لەوە زیاتر قەوەم نییە!»

«مردووت مرێ، تۆ چەندە چەنەدرێژی دەکەی، پێم وتی قسە هەزارە و یەکی بە کارە، شەش پاوند و دە پنی!»

«ماڵت بە قوڕێ نەگیرێ بۆ تەماحت!... «وەڵڵا ددانێکت بە حەوت ساڵان دەرهاتووە»

«بەو سەرە شیرنەت زۆر خەراپی بۆ چووی، زۆریش خۆشسەودام!... کارێک بکە نە شیش بسووتێ نە کەواو!»

«ئەگەر ئاوا پیاوی چاکی ئەوەندە پێدامەگرە»

«نا، بێ ئەولا و ئەملا هەر ئەوەیە وتم!»

«جارێ ئەوە ئاپۆرەکە لەسەر قەبرانە... وەرە با بچین بۆ مەیخانەي (مالونی) ئەو وەخت دەزانم چۆن لەگەڵت پێک بێم.»

## تێر کردنی برسییەکان

ڕۆلان تووپۆر

حەتمەن وا دەزانی پیاوێکی درۆزنم؛ بەڵام قەت هەستم بە برسییەتی نەکردووە. یانی هەر نازانم برسییەتی چۆنە. هەتاکوو ئەو جێگایەی بزانم تێینەگەیشتووم لە چی دەچێ. هەڵبەت زۆریش خۆرام، بەبێ ئەوەی ئیشتیام لە خواردن بێ. لە ڕاستیدا هەست بە هیچ شتێک ناکەم. هەتاکوو هەست بە بێمەیلیش ناکەم. کار و پیشەم بۆتە خواردن.

زۆربەی خەڵک لێم دەپرسن: "ئەی چۆن دەتوانی دانیشی و چێشت بخۆی؟" دەبێ بڵێم نازانم. چونکە هەر وا فێر بووم، وەختێ دەچمە سەر مێزی شێو خواردن، دەورییە چێشتەکە بۆ لای خۆم ڕادەکێشم. لەوەتا تووشی فەرامۆشی هاتووم زۆر زوو شتم لە بیر دەچێتەوە، وەختێک وەخۆ دێمەوە دەورییەکە بەتاڵوهەتاڵە. ئاوایە حاڵم، بڕوا دەکەن؟

بڵێی بە خواردن هیپنۆتیزم بووبێتم, یانی هۆشم لە لای خۆم نیە؟ قەت شتی وا نابێ! وتم ئەوەش پێشهاتە, بەڵام نەک دایمە. جاری وایە



بە خەیاڵ دەوری پڕ لە خواردن لەبەر دەمی خۆم دەبینم کەچی ئەوەش کار لە من ناکا, بۆیە بنی دەورییەکەش دەکرێنمەوە.

زۆر جار هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕە بە ڕۆژوو بم. بەڵام بێفایدە بووە باریک و بنێس بووم. ڕاست لە سەر وەختی خۆی بامداوەتەوە. بەس، بووە ماوەیەکی دیکە درێژەی بدەمێ و لە برسا بمرم. بەبێ ئەوەی بزانم ئەو خۆ تاقی کردنەوەیە تۆقاندوومی، هەر بۆیە بە دایمەی خودا دەمم دەجووڵێتەوە. ئیتر بەو حاڵ و وەزعەوە پەرێشان نیم. باڵام بەرزە و لەشولارم ڕێکوپێکە. جا بۆ ئەوەی هەروا بمێنمەوە دەبێ لە بیری خۆم دابم.

برسییەتی بۆ گەلێک کەس وە بیر هێنانەوەی مردنە، بەڵام لەبەر ئەوەی من لەوە پاک بوومەتەوە دەبێ هۆشم بە خۆمەوە بێ. پێشتریش وتم زۆرجار فکرم لە لای خۆم نامێنێ. لە بیر چوونەوە بۆ من بە مانای مەرگە. وای بە باش دەزانم هەمیشە هەر خەریکی خواردن بم. چاکترین ڕێگاش هەر ئەمەیە. خۆ ئەگەر نەشخۆم خێرا توورە دەبم و دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەم. ئیتر مل دەنێم لە سیگار کێشان و خواردنەوەی مەی. ئەو وەخت هەر دەبێ سەیرم بکەی، زۆر خراپە. زۆر جار لە شەقامێ مرۆی کز و پیس بە جلوبەرگی شڕۆڵەوە وەک مێش و مەگەز تێمدەهاڵێن. ئەوانە نەخۆشن، بە چاوی ڕیپۆقاوییەوە دەورم دەدەن و بە پسکە پسک دەپاڕێنەوە: "برسیمانە!"

بە خێسەوە لێیان دەڕوانم. ئەوانە مانگێ نانێک بەسیانە، زۆریش کەیف دەکەن، زۆر بێشەرمانە پێیان دەڵێم: "برسیتانە! چەندە بەختەوەرن!"

مل دەنێن لە گریان، ئەویش چ گریانێک سەریان بە هەنیسکەوە هەڵدەکەندرێ. ئیتر ئەوجار شلوشەوێق ملی ڕێگا دەگرنە بەر. بەڵام

ئەمن یەکەم ڕستوورانێک کە دەیبینم خۆی تێڕادەکەم. یانی دەبێتە موعجیزە؟ هەوەڵ پاروو ئاوای ئەو دیوی دەکەم. دڵم بە توندی ڕادەژێ. لەپڕ دەکەومە دڵەڕاوکێ. بە سەر خۆمدا دەڕووخێم. هیچ، تازە تەواو بوو بە گۆڕی خۆمدا ڕیام. ئیشتیایەک لە گۆڕێدا نییە. زۆر بە قینەوە داخی دڵم لە سەر خواردنەکە بەتاڵ دەکەم. وەختێک کە قرتم لە چێشتەکە بڕی بەو داخە زۆرەی وا لە سەر دڵم بۆتە گرێ لە ڕستوورانەکە دێمە دەرێ، لووت هەڵدەکەم، بێز لە هەموو کەس دەکەم. هەر بەڕاستی پێم خۆش نیە برسییەکان ببینم. لە وان بێزارم. برسییانە؟ بە توون! خۆزیا قڕیان دەهات. هەر تۆزێکیش بۆ ئەوانە پەرۆش نیم! لازم بەو حیکایەتە ناکا، وەختێ لە سەر مێزی شێو خواردن خەریکی خۆ تێر کردنم بە بینینی ئەو برسییانە کەیفم ساز دەبێ.

* سەرچاوە: بهترین بچە عالم، مجموعە داستانهای خیلی کوتاه، گردآورندە: جیمز توماس، چاپ اول، ١٣٧٨.
* کورتە چیرۆکی ئامریکای لاتین، کۆکراوەی جیمز تۆماس١٩٤٦
* سەرچاوە/ بهترین بچە عالم/ چاپ دوم/ نشر شولا/١٣٨١



## پشیلە و قوڵە شەیتان

جیمز جویس

ئیستنیوی گیان. یەک دوو ڕۆژ لەوە پێش پشیلە یەکی جوان و خڕپنم لە گەڵ بڕێک خواردەمەنی بە تام بۆ تۆ ڕەوانە کرد. پشیلەکەش نێو بنێ گوڕپەی بووژانسی. ڕەنگبێ نەقڵ و چیرۆکی ئەو نەزانی.

بووژانسی شارێکی چکۆلەیە لە قەراخ چۆمی لوار ئەویش لە ناوەندی فەرانسە دایە. ئەو چۆمە خوڕێنە یەکجار قوولە. ئەو بەر و ئەو بەری چۆمەکە پتر لە هەزار گەزە. هەر لەکۆنەوە خەڵکی بووژانسیبە سواری گەمییە ئەم بەر و ئەو بەریان کردووە مەودا زۆر و ئاویش زۆر. پردیشیان بۆ پەڕینەوە ساز نەکردبوو.خۆ هەموو کەسێک نەی دەتوانی پرد دروست بکا، جا ئەگەر توانیباشیان پووڵیان بە دەستەوە نەبوو و لێی خەرج بکەن. ئێستا دەبوو چیان کردبا؟ قوڵەشەیتان خێرا بەو خەبەرەی زانی، ئەو دایمە خەریکی ڕۆژنامە خویندنەوە بوو. لە ڕۆژنامە کەدا نووسرا بوو خەڵکی شاری پێویستیان بە پردێک هەیە. قوڵە شەیتان دەستێک جل و بەرگی جوانی کردە بەری و وەڕێ کەوت بۆ لای شارەداری بووژانسی، ئەویش ناوی موسیو ئالفرد بیرنە بوو.هەواڵیان دا بە شارەدار کە

میوانێکی بەرێز دێ بۆ لای. شارەداریش بەبێ مەحتەل بوون خۆیی بەجل و بەرگی جوان رازاندەوە و کڵاوی کردە سەری و باڵتەی تایبەتی لە بەر کرد و مێداڵ و زنجیری زێڕو زێوی بە بەرۆکی دا هەڵواسی.

شارەدار ئەو کاتەی شوانانە دەخەوت میداڵەکەی لە خۆیی دوور نەدەخستەوە. قوڵەشەیتان بە شارە داری وت: لە رۆژ نامەدا خوێندوومەتەوە کە خەڵکی شاری پێویستیان بە پردێک هەیە. بۆ ئەوەی لەم بەری چۆمەکەوە بپەڕنەوە ئەو بەری چۆم. گوتیشی:

من دەتوانم پرد ساز بکەم ویستی خەڵک بەجێ بێنم. پردێک دروست دەکەم بە کەیفی دۆستان. وەخت و زەمانی زۆریشم ناوێ، بە تەنیا شەوێک سازی دەکەم. شارەدار وتی:

جا ئەگەر وا بێ بە کەیفی خۆت پووڵمان لێ دەستێنی؟ ئێمە پووڵمان نییە. قوڵە شەیتان وتی: تمەنێکی ئێوەم ناوێ! تەنیا ئەوەندە بەسە کەسێک لە ئێوە بە سەر پردەکەدا تێپەڕێ، یەکەم کەس هەرکە پەڕیەوە و هاتە ئەم بەر پردەکە، ئەوە لە خۆم بگاتەوە، یانی تازە هی خۆمە!ئێوارێ داهات و بوو بە شەو. تەواوی خەڵکی بووژانسی لە جێوبانێ خزان و خەوتن. بەیانی لە گەڵ تاو هەڵات خەڵکی لە خەو راست بوونەوە و لە بەر پەنجەرەی ماڵە کانیانەوە لە دەرەوە رامان. بە سەر سوورمانەوە وتیان:

تۆ تەماشای ئەو شتە سەیرە بکەن. بە سەر لوار، دا پردێکی عەجایبیان راکێشاوە! پردێکی جوانیان بە (سپی سەنگ) ساز کردبوو. قوڵە شەیتان بە سەما کردن لە سەر پردەکەوە چاوەروان مابۆوە. تاکوو یەکەم کەس بە سەرپردەکەدا تێپەرێت و ئەویش بیگرێ. بەڵام پێت وایە کەسێک ئەو غیرەتەی هەبوو؟ لاق لە سەر ئەو پردە دابنێ.



هیچ کەس لە خۆیی را نەدی لە ترسی قوڵە شەیتان هەنگاوێک بچێتە سەر پردەکە. لە پڕ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بەرز بۆوە و دەنگ و هەرای خەڵک خەوت. راوەستان تاکوو بزانن چ باسە و چی دەقەومێ.

موسیوئالفرد بیرنەی شارەداریش لە دوورەوە دەر کەوت جل و بەرگی رێک و پێک لە بەردا و کڵاوێک بە تیلاگی سەریەوە و مێداڵی زێر لە سەر سنگ و سەتڵێک ئاو بە دەستەوە و پشیلەیەکیش بە باوەشیەوە هاتەپێشی.

قوڵە شەیتان لە سەما کردن وەستا و لەو بەری پردە کەوە بە دوور بین چاوی بە خەڵکەکە داگێڕا. خەڵکی شاری هەرکە چاویان بە شارەدار کەوت گور پەیەکی بە باوە شیەوەیە لەگەڵ یەکتردا کەوتنە سرت و خورت و سەریان سوڕما.

پشیلەکەش لە شارەدار رامابوو، پشیلەکە ئیزنی ئەوەی هەبوو سەیری شارەدار بکات، بەڵام زۆری پێ نەچوو ماندوو بوو. دەستی کرد بەکایە کردن بە مێداڵە ئاڵتوونەکەی شارەدار. شارەدار پشیلەی لە سەر پردەکە دانا، حەشامات بێدەنگ بوون دەستیان بە دەمیانەوە گرت. شارەدار یەک راست ئاوی سەتڵەکەی بە پشیلەکەدا کرد. پشیلە وەک شێت و هار پێی پێوەنا و دەرپەڕی پشیلە بە سەر پردەکەدا خۆیی گەیاندە باوەشی قوڵە شەیتان و خۆیی بە سنگیەوە نووساند . قوڵە شەیتان توورە بوو ملی نا لە هات و هاوار کردن، رووی کردە خەڵکەکە و گوتی:

پشیلە خرپنەکە وەرە با من و تۆ ببینە دۆست و برادەر با لە ئەم خەڵکە دوور بکەوینەوە. سەر ماتەوەرە باوەشم با هەر دووکمان گەرم دابێین. پشیلەکەی بە دەستەوە گرت و بە را کردن دوور کەوتەوە. لەو رۆژە و بە دوواوە خەڵکی ئەو شارە بە پشیلەی

بووژانسی مەنشوورن ئەو پردە ئێستاش کە ئێستایە هەر لە جێی خۆیەتی خەڵک و داشقە و ماشینی بە سەردا دەڕوا. گیانە شیرینەکەم بەم چیرۆکە کەیفت ساز بوو؟ باوەگەورە.



## منداڵێک وێنەی پشیلەی دەکێشا

لافکادیو هرن

لە دەورانی زۆر کۆندا، لە یەکێ لە ئاواییەکانی ژاپۆن بنەماڵەیەکی وەرزێڕ دەژیان. خەڵکێکی باشی تێدا دەژیا زۆریش دەست کورت و منداڵدار بوون بە زەحمەت بەڕێ دەچوون گوزەرانێکی تاڵیان هەبوو، کوڕە گەورەی ئەو ماڵە چواردە ساڵە بوو دەیتوانی لە کاری کشتوکاڵدا یارمەتی بابی بدا، کچە چکۆلەسیان لە کار و باری نێو ماڵدا یاریدەدەری دایکی بێ. بەڵام کوری چکوڵەیان زۆر بێداروبار بوو، کەچی هۆشو گۆشێکی باشی هەبوو دایکو بابی بیریان کردەوە بە جێگای ئەوەی لە کاری وەرزێڕی وەردەن، چاک وایە بیبەنە پەرستگەو ببێتە (ڕاهێب) ڕۆژێک لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ پەرستگەی گوندەکەیان، دەوایان لە راهیبی دڵاوا کرد ببێ بە مامۆستای کوڕەکەیان و لە داهاتوو دا بیکاتە راهیبی چاک. راهیبی بە ساڵاچوو بە رووخۆشییەوە چەند پرسیاری لە منداڵەکە کرد. کورڕەکەش زۆر زیرەکانە وڵامی دایەوە! پیرە پیاو رازی بوو لە لای خۆی رای بگرێ و دەرسی پێ بڵێ.

کوڕە زۆر زوو فێری دەرس خوێندن بوو دەرس و ئامۆژگاری مامۆستای لە گوێ دەگرت، بەڵام، تەنیا ئەو عەیبەی هەبوو لە کاتی دەرسەکانی دا وێنەی پشیلەی دەکێشاوە لەو شوێنانەش کە دەبووئەو کارە نەکا، کەچی وازی نەدهێنا، راهیب چەند جارێک پێی گوتبوو ئەو کارە نەکا، دەست هەڵگرێ، بەڵام ئەو هەمیشە ئەو وێنانەی دەکێشاوە و نەیدەتوانی دەست بەرداری کارەکەی بێ.

دیار بوو توانای هونەری هەبوو، بۆ ئەوە لە دایک نەببوو بێتە راهیب پێت وایە راهیبێکی باش لە هەر شوێنێک خەریکی کێشانەوەی وێنەی پشیلە بێ؟ رۆژێک وێنەی چەند پشیلەیەکی لە سەر دیوارێک کێشابۆوە کاتێک راهیب بەئەمەی زانی پێی گوت:

ـ کوڕەکەم! تۆ دەبێ هەر ئێستا لە پەرستگەکە بڕۆیە دەرێ، چونکە تۆ قەت ڕاهیبێکی باش نابی بەڵام زۆر لەوە دەچێ هونەرمەندێکی چاک بی، ئێستاش دواین ئامۆژگاری من دەگوێ بگرە، ئەو ئامۆژگارییە قەت لە بیر نەکەی ئەویش ئەوەیە «شەوانە لە جێگای گەورە بترسێ و لە شوێنی چووکەدا بخەوە!»

کوڕە چکولە، سەری لە ئامۆژگارییەکەی راهیب دەر نەچوو «شەوانە لە جێگای گەوە بترسێ و لە شوێنی چکۆلە دا بخەوە« یانی چی؟ مات و پەرێشان لە پەرستگە هاتە دەرێ بیری کردەوە چ بکا بۆ کوێ بچێ، خۆ ئەگەر یەک راست دەگەڕاوە بۆ ماڵ، بێ شک بابی زۆر چاک دارکاری دەکردو دەیگوت:

ـ بە قسەی راهیبت نەکردووە! هەر بۆیە زاتی نەبوو روو بکاتەوە ماڵێ ناچار کەوتە بیری ئەوەی روو بکاتە پەرستگەیەکی دیکەی ئاواییەکە، کە دە دوازدە (میل) لە دێیەکەی خۆیانەوە دوور بوو، بیستبووی لە پەرستگەکەی ئەوێندەرێ نەتەنیا راهیبێک، بەڵکوو چەند



راهیبی لێیە، وای بەچاک زانی بۆ لایان بڕوات و هەر چۆنێک بێ خۆی لەوێ دامەزرێنێ، بەڵام خۆ ئەو نەیدەزانی زۆر لە مێژە پەرستگەکە چۆڵە. هۆی چۆڵ بوونەکەش ئەوە بوو (دێوێک) راهیبەکانی ترساندبوو لەوێ رایان کردبوو دێوەکەش بە تەنیا لەوێ دەژیا، زۆر کەس لە جوامێرانی ئە مەڵبەندە بۆ کوشتنی (دێو) روویان لە پەرستگە کردبوو بەڵام کەسیان بە سلامەت دەر نەچووبوون، کەس ئەوەی بە منداڵەکە نەگووتبوو، هەر بۆیە بێ خەبەر لە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو ملی رێی گرتە بەر، وەختێ گەیشتە ئاوایی تاریک داهاتبوو رەنگ بێ زۆر کەسیش خەوتبن! کوڕە چکولە چاوی بە پەرستگە کەوت بە سەر گردەکەی ئاواییەوە چرای ژوورەکەش دایسا، ئەو جۆرەی خەڵک دەیان گوت (دێو) بە ئەنقەست چرای هەڵکردووە، تاکوو رێبواران و خەڵکی لاوە بکەونە بۆسەی دێوەکەوە ئەویش مل لە خۆاردنیان بنێ کوڕە چکۆلە گەیشتە پەرستگە لە درگای دا کەس بە دەنگێوە نەهات، دیسان لێ داوە ئاخری دەستی بە درگاوە نا بە خۆشییەوە دا نەخرابوو چووە ژوورێ چراکە دایسا بە هیوا بوو راهیبێک بەرە و پیری بێ، کوڕە دانیشتوو چاوەڕوان مایەوە دوای قەدەرێک چاوەڕوانی تێگەیی ئەو پەرستگەیە چۆڵە و تۆز و خۆڵ هەمەوو لایەکی دا پۆشیوە جاڵجاڵۆکەش دار و دیواری تەنیوە ئەگەر بە راهیبەکانی گوتبا ولاتیان بۆ خاوێن دەکاتەوە رازی دەبوون رای بگرن؟

بۆ چی هیچ کەس پەرستگەکە پاک ناکاتەوە؟ سەری سوور مابوو لە رازی ئەم ژوورە بەڵام ئەوەی بۆ ئەو جێی خۆشحاڵی بوو پەردەی سپی پەنجەرەکان بوو!

بە دیتنی پەردەکان وەک گوڵێکی ژاکاو بووژایەوە هەر بۆیە گوێی نەدا بە هیلاکی و ماندوویی ڕێگە، خێرا قەڵەم و ڕەنگی هێنا بەر کار دەستی کرد بە وێنەی پشیلە کێشانەوە لە سەر پەردەکان.

لە سەر تەواوی پەردەکان وێنەی پشیلەی کێشاوە، تا وای لێهات هەستی بە ماندووبون و وەڕەزی کرد لە پەنا پەردەیەک دا خۆی گرمۆڵە کرد خەریک بوو خەوی لێبکەوێ لە پڕ کەوتە بیری قسەکاني (راهیب) «لە ژووری گەورە بترسەو لە شوێنی چکۆلە دا بخەوە!»

پەرستگەکە زۆر گەورە بوو ئەویش تەنیا تا ئێستا لە مەبەستی راهیب تێ نەگەیبوو وەختێ بیری لێکردەوە بۆ یەکەمجار خێوی ترس سواری شانی بوو، وای بە باش زانی جێگایەکی چووکە بۆ خەوتن وەدۆزێ: ئاخری ژوورێکی چکۆلەی لەوێدا دیتەوەو خۆی تێڕاکرد لەناوەوە درگای لە سەر خۆی داخست و لێی خەوت لە نیوە شەو دا قیژەو هەرایەکی ترسێنەر لە خەوی ڕاپەڕاند، دەنگە دەنگێکی سەیر بوو ئێنسان زەندەقی دەچوو، ئەو گۆڕەو قیژەیە ئەوەندە ناخۆش بوو ئەو بەستە زمانە نەی دەوێرا تەنانەت لە درزی درگاکەشەوە بۆ نێو پەرستگەکە بڕوانێ لە سەر جێ و بانەکەی ڕاکشاو وستەی لە خۆی بڕی. چرای پەرستگە کۆژابۆوە، بەڵام مڕڕەو هەراکە هەر وا بەردەوام بوو، دەتگوت کۆڵەکەکانی پەرستگا هەر ئێستا بەلادا دێن، دوای ماوەیەکی چاک وڵات تۆزی بێدەنگی بە سەر دا باری و دەنگەکەش مرد منداڵەکە لە نێو جێکاکەیدا جوڵەی نەدەکرد.

کاتێک شەبەقی بەیان لە درزی درگاکەوە هاتە ژوورێ کوڕە چکۆلە هێدی و لە سەرە خۆ لە دیوەکە هاتە دەرێ، لە دەوروبەری خۆی ڕوانی ئەوەی سەرنجی ئەوی ڕاکێشابوو خوێنێکی زۆر بوو لە پەرستگەکەدا ڕژابوو، گیاندارێکی زەبەلاح بەقەد ڕەشە وڵاخێک لە



شێوەی مشک لە خوێنەکەدا گەوزیبوو! بەڵام ئەو (گامشکە) کێ کوشتبووی؟ نە کەسی دیکەی لێبوو، نە گیاندارێکی دیکەش هاتبووە ژووری! لە پڕ سەری وەر سووڕاند چاوی بە دەم و لەوسی خوێناوی وێنەی ئەو پشیلانە کەوت کە شەوێ لە سەر پەردەکان کێشا بوویەوە.

ئەمجار تێگەیی بۆچی (راهیب) ی پیر پێی گوتبوو «شەوانە لە جێگای گەورە بترسێ و لە شوێنی چووکەدا بخەوێ».

ئەو منداڵە لە دوار ڕۆژ دا بوو بە وێنە کێشێکی گەورە ئێستاش لە ژاپۆن وێنەی پشیڵەکان بە گەورەکان نیشان دەدرێ.

* سەرچاوە: داستانهائی با قهرمانان کوچک از نویسندگان بزرگ، ترجمە: رضا سید حسینی، ناشر: انتشارات آرمان انتشارات یزد
* گۆڤاری رامان /ژ/ ٦٩/ساڵی ٢٠٠٢

## مۆتەکە

هوشەنگ گوڵشیری[1]

گوتم بەرێز سەداقەت، من دەڵێم وەرە شتێک بڵێین، با، هەر چییەک بێ، باشە رۆز باشە، تەنیا قسە بکەین. دەکرێ هەر هەمووومان بە یەکەوە، قسە بکەین، سەبارەت بە چی؟ نازانم. بەڵام نابێ کەس دەنگ بەرز بکاتەوە، یانی دەبێ بە جۆرێک بدوێین، وەک ئەوە وابێ قسە بۆ یەکدی دەکەین، هەر وەکوو ئەوەی کەسێک لە پەستا خەریکی قسە کردن بێت. کەسەکانی دیکە گوێ هەڵ دەخەن. دەسەڵاتیش هەیە هەاوار بکەین، یانی ئەگەر کەسێک حەزی لێ بوو دەتوانێ بگورێنێ، بەڵام نە ئەوەندە بە توندی ئەو ژنەی وا لەخوارەوەیە گوێی تێوە بێت.

رەنگبێ بکرێ چاومان بگرین و زارمان بکەینەوە، وەک ئەوەی کەس دیار نەبێ، وەک ئەوەی کەس گوێ نەگرێ، با، نەی گرێ، ئێمە با، قسە بکەین، من حەزم لە قسەکردنە، قسە کردنێک هەست بە خەم و

[1] **هوشنگ گلشیری: ١٣١٦-١٣٧٩**

رۆمان نووس و چیرۆک نووسی بە توانای ئێرانی خاوەنی کورتە رۆمانی «شازده احتجاب» کۆمەڵە چیرۆکی «جبەخانە» و... ئەم چیرۆکەی بە ناوی مۆتەکە لە جبەخانە وەرگیراوە. سالی چاپ١٣٧٩، انتشارات نیلوفر



خەفەت نەکەم وا بێ بیر نەکەمەوە ئێستا دەست بە گریان دەکەم، خۆ ئەگەر هاتوو ملم لە گریان نا، یان ئێوە، یان یەکێک لە ئێوە، گریا، دەتوانێ سەر بکاتە سەر شانی من. هەر وەک گوتم سەر شانی من. ناچاریش نیت. تەنیا ویستم بڵێم دەبێ راست هەر وەکوو ئەو کاتەی لە بەر خۆتەوە ویرەویر دەکەی، مل بنێ لە گریان یان وەکوو ئەو وەختەی سەرتان دەکردە سەر رانی دایکتان، بەبێ ئەوەی شەرم بتان گرێ، یان بیر لەوە بکەنەوە، کەسێک دەتان بینێ... من کە ئاوام.

گوتم، فەرخوندە خانم، بڕواتان هەبێت ئەمن ترسێکم نییە، خۆ ئەوە شتێک نییە بکرێ بە دەرزی و دەرمان، یان پیاسە کردن لە کەناری شەقامەکان یان بە داگیرساندنی سیگارێک و دوان چارەسەر بکرێ. لێرەدا بڕوات هەبێ من جاری وایە هەر دەڵێی ناتوانم هەناسە بکێشم. نەک لە داخ و قینداا، تەنیا ناتوانم، بە شێوەی ئێستا... سەیر بکەن. دەستم درێژ دەکەم ئاوا، قامکەکانم خەریکی لەرزینن، بۆ چی؟ نازانم، لە توورەییمە؟ لە بێ خەویمە؟ نا، خەتای ئەو شتانە نییە. هەر بۆ نموونە ئەو کەیکە گەورەی بەرێز سەداقەت، یان ئەو چەپکە گوڵەی ئێوە جاڕزم دەکات. بۆ چی؟ تێناگەم. لە گەڵ داوای لێخۆشبوون، هەڵبەت. یان وەکوو ئەو بۆینباخە رەشەی خاڵۆ گیان کە پازدە ساڵە لە ملی دایە هەر دەڵێی تەنیا ئەو تاقەدەنکەی هەیە، سەیریش نییە تەوای بۆینباخەکانی هەر ئەو رەنگە بن، یان هەر ئەو تەنیا رەنگە لە سەر جل و بەرگەکەی دەکاڵێتەوە، دەڵێ مەی بخۆوە، روو بکە مەیخانەیەکی  بێ هەراو هووریا، بە سەر پێوە، بە دڵی خۆت بخۆوە. دوایە چی؟ بۆ ئەوەی مەستی بکەم؟ شتی وا نابێ، تازە، مەستیش نابم، بەم زووانە نامگرێ، تەنیا گێژییە و هیچی دیکە. خۆ ئەگەر زۆریش بخۆمەوە، خرابتر دەبێ، تازە بێفایدەیە! ئەوی بەیانی؟

بەیانیش سەر هێشە و مەزەی گەس و تامی دەم و... مرۆتێدەکات تەنیا خەون بووە، خەوێکی ئەوەندە قوورس وەک بڵێی هەشت نۆکات ژمێر زیندوو نەبووە، قورس و رووت، بەبێ هیچ خەونێک، زیندە خەوێک، شتێک.

گوتم، خاڵۆگیان، خۆ جیرانەکانی منت لە بیرە؟ نازانم. دوور نییە ئەوتان نەدیبێ، زۆر باشە، گرنگ نییە. کەڵەگەتە. بەڵام لەوێوە، لە بەر تیشکی مانگە شەوەکەوە بەرز دیاری نەدەدا، ئێواران دەهاتە نزیک باغچەکە، سەری خونچەی گوڵی نیلوو فەڕەکانی بە سەر پەنجەی دەستی راست دەگرت و بەقامکی دەستی چەپی هەڵی دەپساندن.

ئەوە کارەکانی بوو، دووسێ رۆژێک هەر بەم چەشنە دەمبینی، مەگەر لە نێو باغچەیەکی چووکەدا، ئەویش تەنیا ئەو کاتەی چەند باداکێک هەبوو بێ، چەند دانە نیلووفەڕ وەدەست بکەوێ. هەر ئەو گوڵانەی کە هێشتا پێنەکەنیون؟ ئێوارەی رۆژی چوارەم و پێنجەمیش دۆزییەوە.

دەگەڕاو پەیدای دەکردن. زۆر باشە، دواتر ئێوارەی شەشەم رۆژ بوو. وەک بزانم نەی دییەوە. دەبوو نووکی نیلووفەڕەکەی گرتبا، ئەو خونچەیەی وا هێشتا نەکرابۆوە، هەر دەبوو بە دوو سەری قامکی ئاماژە و قامکە گەورەی دەستی چەپ قەوەی لێدابا. چەند جارێک ئەو کارەی کردبوو. بەڵام دەنگێک نەبوو. وای بۆ چووم لەوانەیە من نەتوانم، یان لە بەر ئەوەی ناتوانێ باش نووکی گوڵەکە بگرێ، نایگرێ. بەدڵ پێی خۆشبوو بیدۆزێتەوە. دەمزانی ئەگەر هاتوویەکێک پەیدا نەکات دەست پێدەکاتەوە. حەولیشی دا، وا دیار بوو زیار لە رۆژان. چووە نێو باخچەکەوە و ژێر گەڵاکا نیشی پشکی.



منیش تەنیا جووڵانەوەی شانەکانیم، بێی، گوتم: «خاتوو اشراف السادات، شتێک روویی داوە؟»

حەولم دا بڵێم: «اشراف السادات، اشراف السادات، مەگەر نە ئەوجارە پەیدابوو؟»

نەم گوت، تەنیا گوتم: «خانم گیان!»

نەی بیست. دەنگم هەڵبڕی: « خاتوو اشراف السادات، داوای لێخۆشبوون دەکەم بوومەتە زەحمەت بۆتان.»

هەر لەوێ لە قەراخ باغچەکە دانیشتبوو. سەیری من یان ئەو بەرزاییەی نەکرد. بەڵام من تێگەیشتم سەر و چاوی تەواو تەڕە. بەدەم بزەیەکەوە ددانەکانی درەوشانەوە، دوو ریز ددانی سپی، بیرم لێ دەکردەوە زەردەیەک لە سەر لێو، گوتی: «ئێوەن؟»

گوتم: «بەڕێز نەبەوی لێرە نییە؟»

گوتی: «لە ژوورێن، کارتان پێیەتی؟ دەتەوێ بانگی بکەم؟»

گوتم: «ئێوە دەبێ...»

ویستم بڵێم: «دەبێ زیاتر بگەڕین، لەوانەیە لە سەر دیوارەکە، یان لە نزیک تەنافی جلەکان بتوانن بیدۆزینەوە»

دەرفەتی نەدا گوتی: «ئەی من؟»

گوتم: «بەڵێ، یانی بیرم کردۆتەوە، نەکا دیسان منداڵەکانتان... پێم ناڵێی حاڵ و وەزعی نەسرین چۆنە»

گوتی: «هەر ئێستا شیرەکەی خوارد هەتاکوو دوو کاتژمێری دیکە لە خەو هەڵناستێ»

**فەرهەنگۆک:**

ئامالْشین: شین و خۆلەمێشی

ئاورکوژێنەوە: ئاگربڕ

ئەڕتەش: سپای دەوڵەتی، لەشکر و...

بازەڵێن: کایەی منداڵان

بنێس: لەڕ و لاواز

بێداروبار: کز و باریک

پارکی شار: شاری یاری، باخچە

پیاگ خاس: پیاو چاک

تلوح: تلوع، سەرەتای خۆرکەوتن

تەقیلە: جۆرێک کڵاو

تیشکەڵانە: باریکە

جەواڵ: گونییەی گەنم و نۆک تێکردن، تەلیس

چڵەپاندن: شیر خواردنی پشیلە و سەگ

حەیس و بەیس: کەین و بەین

داهۆڵ: داهۆڵی سەر بێستان

دەلەسە: درۆ، فڕو فیشاڵ

دەمکوت کردن: لە دەم دان

ربە: پێوانەی گەنم و جۆ، دوو کیلۆ

ریوەڵە: لاواز

رۆنیشت: دانیشت

شەربە: دەفری ئاو خواردنەوە

عەللاف: گەنم کڕ، ئەو کەسەی گەنم دەکڕێ



فش: هەراو

قەلپووچ: خاڵی لە کڵێنە

قەندەکێش: قەننەکێش، سیگارکێش

قەڵەمە: لقەدار بۆ ئەندازە گرتن

کەسک: سەوزی تۆخ

کۆتەی کوتراو: تەو دارەی گۆشتی لەسەر دەجنن

گل دانەوە: گێڕانەوە، هێشتنەوە

گەرەک: لازم، پێویستمە

گەڕاوە: مرۆی لە چل بەرەو ژوور

لێس: لستنەوە، سڕینەوە

میل: کەرستەی چنین

مێژۆکە: چڵی داردەمووکانە

هاوردبووی: هێنابووی

هاوسا: جیران، هاوماڵ

هیپنوتیسم: خەوی موغناتیسی، دەستکرد، hypnotisme

وانێتبار: پێکاب